ئایا لە کاتی

گۆڕینەوە ووردکردنەوەی پارەدا ئەگەری تووشبوون بە ڕیبا هەیە؟!

نوسینی

عثمان أحمد

ربیع الأول 1441 هـ

چاپی یەکەم

ئایا لە کاتی

گۆڕینەوە وردکردنەوەی پارەدا

ئەگەری تووشبوون بە ڕیبا هەیە؟!

نوسینی

عثمان أحمد

ربیع الأول ١٤٤١هـ

چاپی یەکەم

قَالَ ٱللَّهُ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ ١٢٢ ﴾ (التوبة: ١٢٢).

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الْحَمْد لِلَّهِ ، نَحْمَدهُ وَنَسْتَعِينهُ وَنَسْتَغْفِرهُ ، وَنَعُوذُ بِاَللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّه فَلَا مُضِلّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِي لَهُ وَأَشْهَد أَنْ لَا إِلَه إِلَّا اللَّه وَحْده لَا شَرِيك لَهُ ، وَأَشْهَد أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْده وَرَسُوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾(آل عمران).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾(النساء).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾(الأحزاب).

أَمَّا بَعْد : فإنّ أصْدَقَ الحَديثِ كتابُ اللَّهِ ، وخَيرَ الهَدي هَدْيُ محمَّدٍ ﷺ وشرَّ الأمُورِ محْدَثاتُها ، وكلَّ محْدَثَةٍ بدعةٌ ، وكلَّ بدعةٍ ضَلالَةٌ ، وكلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

ئەم کتێبە باس لە کۆمەڵە پرسێکی فقهی دەکات کە پەیوەستن بە دراوە نەختێنەکانەوە وپێداویستی ڕۆژانەی موسڵمانانن وبەردەوام دووبارە دەبنەوە بەڵام لەبەر کەمی زانستی شەرعی دەربارەیان موسڵمانان دەکەونە هەڵەوە وبە خەیاڵیشیاندا نایەت کە کردەوەیەکی پێچەوانەی شەریعەتیان ئەنجامدابێت ، ئەوە لە کاتێکدا هەندێك لەو پرسانە تووشبوونە بە تاوانی ڕیبا کە یەکێکە لە تاوانە لە ناوبەرە گەورەکان پەنا بە خودا .

پێویستە موسڵمان ئەوەی بۆ ڕاییکردنی فەرمانەکانی ئایینەکەی وئیشوکاری دونیای پێویستی پێیەتی هەوڵبدات فێربێت جا بە خوێندنی زانستی شەرعی بێت

یان بە پرسیارکردن لە زانایان وفێرخوازانی زانست ، بۆ ئەوەی بە بەرچاو ڕوونی پەرستش بکات وبە حەڵاڵی بژێوی پەیدا بکات ولەو کەسانە نەبێت کە پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم دەربارەیان دەفەرموێت : ((لَيَأْتِيَنَّ علَى النَّاسِ زَمانٌ ، لا يُبالِي المَرْءُ بما أخَذَ المالَ ، أمِنْ حَلالٍ أمْ مِن حَرامٍ))[١] .

واتە : سەردەمێك دێت بەسەر خەڵكدا ، گرنگ نییە بە لایانەوە کە سامانیان لە کوێوە دەست دەکەوێت ، ئایا سەرچاوەکەی حەڵاڵە یان حەرامە .

پرسی وردکردنەوەی پارە وگۆڕینەوەی پرسێکی فقهییە وئەگەر وریایی تێدا نەکرێت خەڵك بە هۆیەوە تووشی ڕیبا دەبن ، ڕیبای دواخستن (ربا النسيئة) ، وە ڕیبا تاوانێکە لە

---

(١).رواه البخاري .

تاوانە زۆر گەورەکان بە دەقی قورئان وفەرموودە وکۆڕای زانایانیش حەرامە :

خودای پەروەردگار دەفەرمویّت : ﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰا۟ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰا۟ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰا۟ ۚ ﴿٢٧٥﴾﴾ (البقرة).

واتە : ئەو کەسانەی کە ڕیبا دەخۆن لە گۆڕەکانیان زیندوو نابنەوە وەك کەسانیّك نەبیّت کە شەیتان چووەتە جەستەیانەوە وشیّت بوون ، ئەوە لەبەر ئەوەی دەیانگوت کڕین وفرۆشتن وەك ڕیبا وایە ، بەڵام خودای پەروەردگار کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە وڕیبای حەرام کردووە .

وە دەفەرمویّت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوا۟ ٱلرِّبَوٰٓا۟ أَضْعَٰفًا مُّضَٰعَفَةً ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٣٠﴾﴾ (آل عمران).

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ڕیبا مەخۆن بە چەند هێندە ، وە لە خودا بترسن بۆ ئەوەی سەرفرازبن .

وە لە فەرموودەی حەوت لە ناوبەرەكەدا هاتووە ، عن أَبي هريرة ﷺ عن النبي ﷺ قَالَ : ((اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ ! قالُوا : يَا رَسُولَ اللّهِ ، وَمَا هُنَّ ؟ قَالَ : الشِّرْكُ باللّهِ ، والسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلا بالحَقِّ ، وأَكلُ الرِّبَا ، وأَكْلُ مَالِ اليَتِيمِ ، والتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وقَذْفُ المُحْصَنَاتِ المُؤْمِنَاتِ الغَافِلاَتِ))[١] .

واتە : خۆتان بە دوور بگرن لە حەوت تاوانە لە ناوبەرەكان ! وتیان : كامانەن ؟ فەرمووی : هاوەڵ بۆ خودا بڕیاردان ، وجادووبازی (سحر) ، وكوشتنی نەفس كە خودا حەرامی كردووە بە حەق نەبێت ، وخواردنی سو (ڕیبا) ، وخواردنی ماڵی هەتیو ، وپشت هەڵكردن لە كاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی

---

(١). متفق عليه .

دوژمنان لە جەنگدا ، وتۆمەتبارکردنی ئافرەتە باوەڕدارە بێئاگا وبێ تاوانەکان بە زینا .

پێغەمبەری خودا صلی اللّه علیه وسلم ڕیبای هاوتای تاوانی هاوەڵبڕیاردان وکوشتن باسکرد ، لەوەش ترسناکتر لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : ((الرِّبَا ثَلَاثَةٌ وَسَبْعُونَ بَابًا ، أَيْسَرُهَا : مِثْلُ أَنْ يَنْكِحَ الرَّجُلُ أُمَّهُ))(١) .

واتە : ڕیبا حەفتا وسێ پلەیە ، ئەو پلەی کە لە هەموویان تاوانی کەمترە وەك : ئەوەیە کەسێك زینا لەگەڵ دایکی خۆیدا بکات .

وە دەفەرموێت : ((دِرْهَمُ رِباً يَأْكُلُهُ الرَّجُلُ وهُوَ يَعْلَمُ أشَدُّ عِنْدَ اللّه مِنْ سِتَّةٍ وَثَلاَثِينَ زَنْيةً))(٢).

---

(١). رواه الحاكم وقال صحيح على شرط البخاري ومسلم ورواه البيهقي من طريق الحاكم ثم قال هذا إسناد صحيح ، وصححه الألباني لغيره في "صحيح الترغيب والترهيب".

(٢). رواه أحمد وصححه الألباني في "صحيح الجامع".

واتە : درهەمێك ڕیبا کەسێك بیخوات وبزانێت ئەوە ڕیبایە ، لای خودای پەروەردگار تاوانەکەی لە سی وشەش زینا گەورەترە.

وە دەفەرموێت : ((لَعَنَ اللَّه آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ وَشَاهِدَيْهِ وَكَاتِبَهُ))(١) .

واتە : لەعنەتی خودا لەو کەسەی ڕیبا دەخوات وە ئەوەی دەرخواردی خەڵکی دەدات وە هەردوو شاهیدەکەی وئەو کەسەشی گرێبەستەکەی دەنوسێت .

وە ئیبن قدامەی مقدسی رحمە اللّه لە "المغنی" دا دەڵێت : ئوممەت هەموو کۆڕان کە ڕیبا حەرامە ، وە هەروەها النووی وئیبن تیمیە وئیبن المنزر والصنعانی رحمهم اللّه

(١). متفق علیه .

جگە لەوانیش کۆڕایی زانایانیان گواستووەتەوە لەسەر حەرامی ڕیبا .

ئەوەی کە شایەنی باسە لێرە بە کورتی باسی بکەین ئەوەیە کە ڕیبا دوو جۆرە .

١. ڕیبای زیادە خستنە سەر (ربا الفضل) .

٢. ڕیبای دواخستن (ربا النسيئة) .

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : ((طَلَبُ العِلْمِ فَرِيْضَةٌ عَلَىْ كُلِّ مُسْلِمٍ))[1].

واتە : گەڕان وهەوڵدان بۆ فێربوونی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك .

---

(١). رواه ابن ماجة وصححه الألباني.

هەموو موسڵمانێك ئەو ئەندازەی بۆ ئاین ودونیای پێویستی پێیەتی فەرزە لەسەری فێربێت ، لەوە زیاتر دەبێتە فەرزی کیفایە .

ئیبن عبد البر رحمه الله دەڵێت : (قَدْ أَجْمَعَ الْعُلَمَاءُ عَلَى أَنَّ مِنَ الْعِلْمِ مَا هُوَ فَرْضٌ مُتَعَيَّنٌ عَلَى كُلِّ امْرِئٍ فِي خَاصَّةِ نَفْسِهِ وَمِنْهُ مَا هُوَ فَرْضٌ عَلَى الْكِفَايَةِ إِذَا قَامَ بِهِ قَائِمٌ سَقَطَ فَرْضُهُ عَنْ أَهْلِ ذَلِكَ الْمَوْضِعِ)(١) .

واتە : زانایان کۆڕان زانست بەشی وای هەیە فەرزە لەسەر هەموو کەسێك ، وە بەشی تری هەیە فەرزی کیفایەیە ، ئەگەر کەسێك فێری بێت لەسەر ئەوانی تر لەو شوێنە دەکەوێت .

---

(١). (جامع بيان العلم وفضله)(١/ ٥٦).

وە پێشەوای باوەڕداران عمر کوڕی خەتابیش خودای لێ ڕازیبێت دەفەرموێت : (لاْ يَبِعْ فِيْ سُوْقِنَا إِلاْ مَنْ قَدْ تَفَقَّهَ فِيْ الدِّيْنِ)[١] .

واتە : کەس لە بازاڕمان کڕین وفرۆشتن نەکات کەسانێك نەبێت کە شارەزاییان هەیە لە ئایندا .

ئێستا بابەتەی کتێبەکە کە "وردکردنەوەی پارە وگۆڕینەوە وچەند پرسیێکی پەیوەستە بەو بابەتەوە" کە لە زمانی شەرعدا پێی دەگوترێت (الصرف) یان هەندێك لە زانایانی سەردەم پێی دەڵێن (فکة) ، وە چەند پرسیێکی تر کە وابەستەیە ونزیکە لەو باسە .

---

(١). رواه الترمذي وحسنه الألباني .

لە پێشدا پێناسەی (الصرف) لە زماندا : گەڕانەوەی شتێك بە ڕووی خۆیدا ، یان گۆڕینی شتێك بە شتێکی تر ، وە دەگوترێت گۆڕانی بایە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر .

لە زاراوەی فقهیدا زانایان بە شێوەکی گشتی دوو پێناسەیان بۆ کردووە :

یەکەم : پێناسەی جمهوری زانایانە کە دەڵێن : گۆڕینەوەی دراوە بە دراو ، ئیدی ئەو دراوە هەمان جۆربێت وەك زێڕ بە زێڕ وزیو بە زیو ودینار بە دینار ، یان جیاوازبێت وەك زێڕ بە زیو ودینار بە ریال .

دووەم : پێناسەی مالکی مەزهەبەکانە کە دەڵێن (الصرف) بریتی یە لە تەنها : گۆڕینەوەی زێڕ بە زیو .

بەڵام ئەگەر گۆڕینەوەکە لە هەمان ڕەگەز بوو پێی دەڵێن : (مراطلة) واتە : گۆڕینەوەی دراو وپارە بە هاوتای خۆی بە پێوانە .

یان (مبادلة) واتە : گۆڕینەوەی دراو وپارە بە هاوتای خۆی بە ژماردن .

وەك ئاماژەم بۆ کرد هەندێك لە زانایانی سەردەم دەڵێن وردکردنەوەی دراو پێی دەگوترێت (فكة) ، لە ڕووی کردارییەوە پێناسەیان بۆ کردووە ، دەڵێن : ئەگەر کەسێك بۆ نمونە : دراوێکی لە جۆری (٢٥,٠٠٠) هەزار دیناری پێبێت بیەوێت وردی بکاتەوە ، ئەوە بەش بەشی کردووە ، کە لە واقعدا ئەوە ئەو کرداری صەرفەیە کە زانایان باسیان کردووە .

وە کرداری صەرفکردن ئەگەر هەمان ڕەگەز بوون دەبێت :

یەکەم : دەست بەدەست بێت واتا لە هەمان کاتدا کڕیار وفرۆشیار ئەو کاڵایانەی کە ڕیبایان تێدا دروست دەبێت بدەنە دەستی یەکتر .

دووەم : دەبێت هەمان كێش یان بڕبێت بۆ نمونە ئەگەر كەسێك پارچەیەك زێڕ بگۆڕێتەوە كێشەكەی ٥٠ گرام بێت ، پێویستە لە هەمان كاتدا ٥٠ گرام زێڕ وەربگرێتەوە .

بەڵام ئەگەر لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازبوو ئەوكات دەتوانرێت كەم بە زیاد یان بە پێچەوانەوە بفرۆشرێت ئەگەر دەست بە دەست بوو ، بۆ نمونە : ئەگەر كەسێك (٥٠)گرام زێڕ بفرۆشێت بە (٥٠٠)گرام زیو یان هەر بڕێكی تر كە لەسەری ڕێكدەكەون ، یان (٥٠٠٠)دیناری عێراقی بگۆڕێتەوە بە (١٥) ریالی سعوی ئەگەر دەست بەدەست بێت دروستە .

ئیبن المنذر رحمه الله دەڵێت : وأجمعوا أن المتصارفين إذا تفرقا قبل أن يتقابضا أن الصرف فاسد[١].

---

(١). (الإجماع)(ص: ٢٤) .

واتە : زانایان کۆڕان ئەگەر دوو کەس کرداری صەرفکردن ئەنجام بدەن ولێك جیاببنەوە وکالاْکانیان "مەبەست تەنها لەو شتانەیە کە ڕیبایان تێدا دروست دەبێت" لەیەك وەرنەگرن ئەو کردارە پوچەڵە .

بەڵگە زۆرە لەسەر ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە گۆڕینەوەی ئەو کالاْیانەدا هەبێت کە ڕیبایان تێدا دروست دەبێت ، لەوانە :

عن عبادة بن الصامت قال : ((إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَنْهَى عَنْ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ بِالْفِضَّةِ وَالْبُرِّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرِ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرِ بِالتَّمْرِ وَالْمِلْحِ بِالْمِلْحِ إِلَّا سَوَاءً بِسَوَاءٍ))[١].

وعن نافع عن أبي سعيد الخدري : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لَا تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إِلَّا مِثْلًا بِمِثْلٍ وَلَا تُشِفُّوا بَعْضَهَا

---

(١). رواه مسلم .

عَلَى بَعْضٍ وَلَا تَبِيعُوا الْوَرِقَ بِالْوَرِقِ إِلَّا مِثْلًا بِمِثْلٍ وَلَا تُشِفُّوا بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ وَلَا تَبِيعُوا مِنْهَا غَائِبًا بِنَاجِزٍ))[١].

عن أبي سعيد الخدري : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : ((لَا تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ وَلَا الْوَرِقَ بِالْوَرِقِ إِلَّا وَزْنًا بِوَزْنٍ مِثْلًا بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ))[٢].

عن عبادة بن الصامت قال : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ تِبْرُهَا وَعَيْنُهَا وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ تِبْرُهَا وَعَيْنُهَا وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ مُدْيٌ بِمُدْيٍ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ مُدْيٌ بِمُدْيٍ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ مُدْيٌ بِمُدْيٍ وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مُدْيٌ بِمُدْيٍ فَمَنْ زَادَ أَوْ ازْدَادَ فَقَدْ أَرْبَى وَلَا بَأْسَ بِبَيْعِ الذَّهَبِ بِالْفِضَّةِ وَالْفِضَّةُ أَكْثَرُهُمَا يَدًا بِيَدٍ وَأَمَّا نَسِيئَةً

---

(١). رواه البخاري ومسلم .

(٢). رواه مسلم .

فَلَا وَلَا بَأْسَ بِبَيْعِ الْبُرِّ بِالشَّعِيرِ وَالشَّعِيرُ أَكْثَرُهُمَا يَدًا بِيَدٍ وَأَمَّا نَسِيئَةً فَلَا))[١] .

عن مسلم بن يسار وعبد اللَّه بن عتيك قالا: جَمَعَ الْمَنْزِلُ بَيْنَ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ وَمُعَاوِيَةَ حَدَّثَهُمْ عُبَادَةُ قَالَ : ((نَهَانَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالذَّهَبِ وَالْوَرِقِ بِالْوَرِقِ وَالْبُرِّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرِ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرِ بِالتَّمْرِ قَالَ أَحَدُهُمَا وَالْمِلْحِ بِالْمِلْحِ وَلَمْ يَقُلْهُ الْآخَرُ إِلَّا مِثْلًا بِمِثْلٍ يَدًا بِيَدٍ وَأَمَرَنَا أَنْ نَبِيعَ الذَّهَبَ بِالْوَرِقِ وَالْوَرِقَ بِالذَّهَبِ وَالْبُرَّ بِالشَّعِيرِ وَالشَّعِيرَ بِالْبُرِّ يَدًا بِيَدٍ كَيْفَ شِئْنَا قَالَ أَحَدُهُمَا فَمَنْ زَادَ أَوْ ازْدَادَ فَقَدْ أَرْبَى))[٢] .

---

(١). رواه أبو داود وصححه الألباني.

(٢). رواه النسائي وصححه الألباني .

عن أبي هريرة قال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَزْنًا بِوَزْنٍ مِثْلًا بِمِثْلٍ وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ وَزْنًا بِوَزْنٍ مِثْلًا بِمِثْلٍ فَمَنْ زَادَ أَوْ اسْتَزَادَ فَهُوَ رِبًا))[(١)].

عن أبي هريرة : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ : ((الدِّينَارُ بِالدِّينَارِ لَا فَضْلَ بَيْنَهُمَا وَالدِّرْهَمُ بِالدِّرْهَمِ لَا فَضْلَ بَيْنَهُمَا))[(٢)].

قال مالك بن أوس رضي الله عنه : أنه التمس صرفا بمائة دينار فدعاني طلحة بن عبيد الله فتراوضنا حتى اصطرف مني فأخذ الذهب يقلبها في يده ثم قال حتى يأتي خازني من الغابة وعمر يسمع ذلك فقال والله لا تفارقه حتى تأخذ منه قال رسول الله ﷺ : ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ رِبًا

---

(١). رواه مسلم .

(٢). رواه مسلم .

إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ))[(١)].

قال فضالة بن عبيد الأنصاري : ((أتي رسول الله ﷺ وهو بخيبر بقلادة فيها خرز وذهب وهي من المغانم تباع فأمر رسول الله صلى الله عليه وسلم بالذهب الذي في القلادة فنزع وحده ثم قال لهم رسول الله ﷺ الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَزْنًا بِوَزْنٍ))[(٢)] .

وعن فضالة بن عبيد قال : ((اشتريت يوم خيبر قلادة باثني عشر دينارا فيها ذهب وخرز ففصلتها فوجدت فيها أكثر من اثني عشر دينارا فذكرت ذلك للنبي ﷺ فقال لَا تُبَاعُ حَتَّى تُفَصَّلَ))[(٣)].

---

(١). رواه البخاري .

(٢). رواه مسلم .

(٣). رواه مسلم.

عن حنش أنه قال كنا مع فضالة بن عبيد في غزوة فطارت لي ولأصحابي قلادة فيها ذهب وورق وجوهر فأردت أن أشتريها فسألت فضالة بن عبيد فقال انزع ذهبها فاجعله في كفة واجعل ذهبك في كفة ثم لا تأخذن إلا مثلا بمثل فإني سمعت رسول الله ﷺ يقول : ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلَا يَأْخُذَنَّ إِلَّا مِثْلًا بِمِثْلٍ))(١).

عن أبي المنهال قال : باع شريك لي ورقا بنسيئة إلى الموسم أو إلى الحج فجاء إلي فأخبرني فقلت هذا أمر لا يصلح قال قد بعته في السوق فلم ينكر ذلك علي أحد فأتيت البراء بن عازب فسألته فقال : ((قدم النبي ﷺ المدينة ونحن نبيع هذا البيع فقال : مَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ فَلَا بَأْسَ بِهِ وَمَا كَانَ نَسِيئَةً فَهُوَ رِبًا ، وائت زيد بن أرقم فإنه أعظم تجارة مني فأتيته فسألته فقال مثل ذلك))(٢).

---

(١). رواه مسلم .

(٢). رواه مسلم .

عن عثمان بن عفان أن رسول الله ﷺ قال : ((لَا تَبِيعُوا الدِّينَارَ بِالدِّينَارَيْنِ وَلَا الدِّرْهَمَ بِالدِّرْهَمَيْنِ))[١].

قال أبو بكرة رضي الله عنه قال رسول الله ﷺ : ((لَا تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إِلَّا سَوَاءً بِسَوَاءٍ وَالْفِضَّةَ بِالْفِضَّةِ إِلَّا سَوَاءً بِسَوَاءٍ وَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالْفِضَّةِ وَالْفِضَّةَ بِالذَّهَبِ كَيْفَ شِئْتُمْ)) [٢].

قال رسول الله ﷺ : ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلًا بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الْأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ))[٣].

---

(١). رواه مسلم .

(٢). رواه البخاري .

(٣). رواه مسلم .

قال أبو المنهال : سألت البراء بن عازب وزيد بن أرقم ﷺ عن الصرف فكل واحد منهما يقول هذا خير مني فكلاهما يقول: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ((عَنْ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالْوَرِقِ دَيْنًا))[١].

عن علي بن أبي طالب ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ : ((الدِّينَارُ بِالدِّينَارِ وَالدِّرْهَمُ بِالدِّرْهَمِ لَا فَضْلَ بَيْنَهُمَا فَمَنْ كَانَتْ لَهُ حَاجَةٌ بِوَرِقٍ فَلْيَصْطَرِفْهَا بِذَهَبٍ وَمَنْ كَانَتْ لَهُ حَاجَةٌ بِذَهَبٍ فَلْيَصْطَرِفْهَا بِالْوَرِقِ وَالصَّرْفُ هَاءَ وَهَاءَ))[٢].

---

(١). رواه البخاري .

(٢). رواه ابن ماجة وصححه الألباني .

ئایا پارە هەمان حوكمی زێڕ وزیوی هەیە

زانایان ناكۆكن هۆكاری ڕیبا چییە لە زێڕ وزیودا ، شێخ الإسلام ئیبن تیمیە رحمه الله دەڵێت : وَالْأَظْهَرُ أَنَّ الْعِلَّةَ فِي ذَلِكَ هُوَ الثمنية ؛ لَا الْوَزْنُ كَمَا قَالَهُ جُمْهُورُ الْعُلَمَاءِ.....وَالتَّعْلِيلُ بالثمنية تَعْلِيلٌ بِوَصْفٍ مُنَاسِبٍ ؛ فَإِنَّ الْمَقْصُودَ مِنْ الْأَثْمَانِ أَنْ تَكُونَ مِعْيَارًا لِلْأَمْوَالِ يَتَوَسَّلُ بِهَا إلَى مَعْرِفَةِ مَقَادِيرِ الْأَمْوَالِ وَلَا يَقْصِدُ الِانْتِفَاعَ بِعَيْنِهَا(١) .

واتە : ئەوەی كە ئاشكرایە هۆكاری حەرام بوونی ڕیبا لە زێڕ وزیو بەهابوونە ، ئەوەش ڕەئی جمهوری زانایانە ، نەوەك : كێش.....وە هۆكاری بەهابوون هۆكارێكی گونجاوە ، چونكە مەبەست لە بەهاكان ئەوەیە پێوەربێت بۆ ماڵ

---

(١). (مجموع الفتاوى) (٢٩/ ٤٧١).

وسامان کە بە هۆیەوە ئەندازەی سامانەکان دەزانرێت ، کە خودی خۆی مەبەست نییە بۆ سود لێوەرگرتن ، هەرکات هەندێکی بە هەندێکی تری فرۆشرا بۆ کاتێکی دیاریکراو بە مەبەستی بازرگانی ئەوە پێچەوانەی مەبەستە لە بەهابوون .

وە ئیبن القیم رحمه الله دەڵێت : الدَّرَاهِمُ وَالدَّنَانِيرُ ، فَقَالَتْ طَائِفَةٌ : الْعِلَّةُ فِيهِمَا كَوْنُهُمَا مَوْزُونَيْنِ ، وَهَذَا مَذْهَبُ أَحْمَدَ فِي إحْدَى الرِّوَايَتَيْنِ عَنْهُ وَمَذْهَبُ أَبِي حَنِيفَةَ ، وَطَائِفَةٌ قَالَتْ : الْعِلَّةُ فِيهِمَا الثَّمَنِيَّةُ ، وَهَذَا قَوْلُ الشَّافِعِيِّ وَمَالِكٍ وَأَحْمَدَ فِي الرِّوَايَةِ الْأُخْرَى ، وَهَذَا هُوَ الصَّحِيحُ بَلْ الصَّوَابُ(١) .

واتە : درهەم ودینار کۆمەڵێك دەڵێن هۆکاری ئەوەی ڕیبایان تێدایە دەکێشرێن ، ئەمە مەزهەبی ئەحمەدە لە ڕیوایەتێکدا وە مەزهەبی ئەبو حەنیفەیشە ، وە کۆمەڵێکی

---

(١). (إعلام الموقعين)(٢/ ١٠٥).

تر دەڵێن : هۆکار ئەوەیە بەهان ، ئەوەش وتەی شافعی ومالك وئەحمەدە لە ڕیوایەتێکی تردا ، ئەمەش دروست وڕاستە .

وە لە کتێبی "المدونة" دا هاتووە : قُلْت : أَرَأَيْت إنْ اشْتَرَيْت فُلُوسًا بِدَرَاهِمَ فَافْتَرَقْنَا قَبْلَ أَنْ نَتَقَابَضَ قَالَ: لَا يَصْلُحُ هَذَا فِي قَوْلِ مَالِكٍ وَهَذَا فَاسِدٌ ، قَالَ لِي مَالِكٌ فِي الْفُلُوسِ : لَا خَيْرَ فِيهَا نَظِرَةً بِالذَّهَبِ وَلَا بِالْوَرِقِ ، وَلَوْ أَنَّ النَّاسَ أَجَازُوا بَيْنَهُمْ الْجُلُودَ حَتَّى تَكُونَ لَهَا سِكَّةٌ وَعَيْنٌ لَكَرِهْتُهَا أَنْ تُبَاعَ بِالذَّهَبِ وَالْوَرِقِ نَظِرَةً قُلْت : أَرَأَيْت إنْ اشْتَرَيْت خَاتَمَ فِضَّةٍ أَوْ خَاتَمَ ذَهَبٍ أَوْ تِبْرَ ذَهَبٍ بِفُلُوسٍ فَافْتَرَقْنَا قَبْلَ أَنْ نَتَقَابَضَ أَيَجُوزُ هَذَا فِي قَوْلِ مَالِكٍ ؟ قَالَ : لَا يَجُوزُ هَذَا فِي قَوْلِ مَالِكٍ لِأَنَّ مَالِكًا قَالَ : لَا يَجُوزُ فَلْسٌ بِفَلْسَيْنِ ، وَلَا تَجُوزُ الْفُلُوسُ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَلَا بِالدَّنَانِيرِ نَظِرَةً[١] .

---

(١). (المدونة)(٣/ ٥).

وتم : ئەگەر فلسم کڕی بە درهەم ولێك جیابووینەوە پێش ئەوەی لە یەکتری وەربگرین ، وتی : ئەمە ناشێت ئەمە لە وتەی مالکدا نابێت وپوچەڵە ، مالك دەربارەی فلس پێی وتم : نابێت بە دواخستن بکڕدرێت نە بە زێڕ ونە بە زیو ، ئەگەر خەڵك چەرم لە نێوان خۆیاندا بە کاربهێنن هەتا دەبێتە دراو وبەهاکەی دیاری دەکرێت بە خراپی دەزانم بفرۆشرێت بە زێڕ وزیو ووەرگرتنەکەی دوا بخرێت .

وتم : ئەی ئەگەر مستیلەیەکی زیو یان زیڕ یان خۆڵی زێڕم کڕی بە فلس ولێك جیابووینەوە پێش ئەوەی شتەکان لەیەك وەربگرین ئایا ئەمە دروستە بە ڕەئی مالك ؟ وتی : نەخێر ئەمە بە ڕەئی مالك دروست نییە ، چونکە مالك دەڵێت : دروست نییە فلسێك بدرێت بە دوو فلس ، وە دروست نییە فلس بفرۆشرێت بە زێڕ وزیو لەگەڵ دواخستنی .

وە " هيئة كبار العلماء " دەڵێن : وحيث إن الثمنية متحققة بوضوح في الأوراق النقدية ؛ لذلك كله فإن هيئة كبار العلماء تقرر بأكثريتها : أن الورق النقدي يعتبر نقداً قائماً بذاته كقيام النقدية في الذهب والفضة وغيرها من الأثمان ، وأنه أجناس تتعدد بتعدد جهات الإصدار ، بمعنى : أن الورق النقدي السعودي جنس ، وأن الورق النقدي الأمريكي جنس ، وهكذا كل عملة ورقية جنس مستقل بذاته ، وأنه يترتب على ذلك الأحكام الشرعية الآتية :

أولاً : جريان الربا بنوعيه فيها ، كما يجري الربا بنوعيه في النقدين : الذهب ، والفضة ، وفي غيرهما من الأثمان كالفلوس ، وهذا يقتضي ما يلي :

أ. لا يجوز بيع بعضه ببعض أو بغيره من الأجناس النقدية الأخرى من ذهب أو فضة أو غيرهما نسيئة مطلقاً ، فلا يجوز مثلاً بيع الدولار الأمريكي بخمسة أريلة سعودية أو أقل أو أكثر نسيئة.

ب. لا يجوز بيع الجنس الواحد منه بعضه ببعض متفاضلاً ، سواء كان ذلك نسيئة أو يداً بيد ، فلا يجوز مثلاً بيع عشرة أريلة سعودية ورق بأحد عشر ريالاً سعودياً ورقاً .

ج. يجوز بيع بعضه ببعض من غير جنسه مطلقاً ، إذا كان ذلك يداً بيد، فيجوز بيع الليرة السورية أو اللبنانية بريال سعودي ، ورقاً كان أو فضة ، أو أقل من ذلك أو أكثر ، وبيع الدولار الأمريكي بثلاثة أريلة سعودية أو أقل أو أكثر إذا كان ذلك يداً بيد....(١) .

واتە : لەبەر ئەوەی بەهابوون لە دراوە نەختێنەكاندا بە ئاشكرا دیارە ، "هيئة كبار العلماء" بە زۆرینە بڕیاریدا كە كاغەزە دراوییە نەختێنەكان بە نەختێنە دادەنرێن خودی خۆیان ، وەك نەختێنە بوونی زێڕ وزیو وبەهاكانی تر ، وە ڕەگەزەكانیان جیاواز دەبێت بە جیاوازبوونی ئەو

---

(١). [قرار هيئة كبار العلماء : رقم (١٠) وتاريخ ١٣٩٣/٤/١٧هـ].

شوێنانەی دەریان دەکەن ، وە هەروەها هەموو دراوێکی کاغەزی ڕەگەزێکی سەربەخۆیە ، وهەموو ئەم حوکمە شەرعییەکانی لەسەر پیادە دەکرێت .

یەکەم : ڕیبایان تێدا پەیدا دەبێت بە هەر دوو جۆرەکەیەوە ، وەك چۆن لە زێڕ وزیودا دەشێت ڕیبا هەبێت ، وە لە جگە لەوانیش وەك لە فلسدا کە دەشێت هەبێت ، ئەمەش چەند شتێك پێویست دەکات :

أ. دروست نییە هەندێکی بە هەندێکی تری بفرۆشرێت یان بە جگە لە خۆی لە ڕەگەزەکانی تر لە زێڕ وزیو وجگە لەوانیش بە دواخستن وقەرز بە ڕەهایی ، دروست نییە بۆ نمونە : دۆلارێکی ئەمریکی بفرۆشرێت بە پێنج ریالی سعودی کەمتر یان زیاتر بە دواخستن وقەرز .

ب. دروست نییە فرۆشتنی دراو بە هەمان جۆر بە زیاتر یان کەمتر ، ئەگەر دەست بە دەست بێت یان بە قەرز ، بۆ

نمونە دروست نییە دە ریالی كاغەزی سعودی بفرۆشرێت بە یازدە ریالی كاغەزی سعودی .

ج. دروستە ئەگەر ڕەگەزەكان جیاوازبوون بفرۆشرێن بە ڕەهایی ، ئەگەر دەست بە دەست بوو ، دروستە لیرەی سوری یان لوبنانی بفرۆشرێت بە ریالی سعودی ، كاغەزبێت یان زیو ـ كانزا ـ ، بە زیاتر یان كەمتر ، وە فرۆشتنی دۆلارێكی ئەمریكی بە سێ ریالی سعودی كەمتر یان زیاتر ، ئەگەر دەست بە دەست بوو....

وە پێشەوا ئیبن باز رحمە الله دەڵێت : والطريقة الجائزة : أن يبيع الراغب في شراء ذهب بذهب ما لديه من الذهب بفضة ، أو غيرها من العمل الورقية ، ويقبض الثمن ، ثم يشتري حاجته من الذهب بسعره من الفضة أو العملة الورقية يدًا بيد ؛ لأن العملة

الورقية مُنزلة منزلة الذهب والفضة في جريان الربا في بيع بعضها ببعض ، وفي بيع الذهب والفضة بها(١) .

واته : ڕێگەی دروست ئەوەیە ئەو کەسەی دەیەوێت زێڕ بکڕێت با ئەو زێڕەی کە هەیەتی بیفرۆشێت بە زیو یان بە دراوە کاغەزییەکان وپارەکەی وەر بگرێت ، پاشان ئەوەی پێویستی پێیەتی لە زێڕ بیکڕێتەوە بە زیو یان دراوە کاغەزییەکان دەست بە دەست ، چونکە دراوە کاغەزییەکان هاوتای زێڕ وزیون لە بوونی ڕیبا تیایاندا لە کاتی فرۆشتنی بە هاوشێوەی خۆی ، وە هەروەها لە کاتی فرۆشتنی زێڕ وزیو بە پارە .

وە پێشەوا ئیبن عثیمین رحمه الله دەڵێت : استبدال العملات بعضها ببعض من باب الصرف وليس من باب القرض وإذا

---

(١). (مجموع الفتاوى) .

كان من باب الصرف فإنه يشترط فيه أن يكون يداً بيد ، فلا يجوز أن تأخذ منه عملة ثم ترد إليه بعد حين عملة أخرى من غيرها لأن هذا معناه الوقوع في الربا وهو ربا النسيئة فالعملات النقدية حكمها في التبادل بينها حكم بيع الذهب بالفضة لابد فيها من التقابض قبل التفرق[(١)] .

واتە : گۆڕینەوەی دراوەكان لە جۆری خۆی لە بابەتی صەرفە نەوەك قەرز ، وە ئەگەر لە بابەتی صرف بوو دەبێت دەست بە دەست بێت ، دروست نییە دراوی لێوەر بگریت پاش ماوەیەك دراوێكی دیكەی بۆ بگێڕیتەوە ، ئەوە مانای ئەوەیە كەوتووەتە ڕیباوە ودروست نییە ، كە ڕیبای دواخستنە ، چونكە دراوە نەختێنەكان لە كاتی

(١). [فتاوى نور على الدرب (١/٢٦٧)].

گۆڕینەوەیدا حوکمی گۆڕینەوەی زێڕ بە زیوی هەیە پێویستە پێش ئەوەی لێك جیابنەوە لە یەکیان وەرگرتبێت.

وە دیسان دەڵێت رحمه الله : بيع عملة بعملةٍ أخرى مع التأجيل لا يجوز على القول الذي أختاره ، ومن المعلوم أن هذه العملات الورقية لم تخرج قديماً وإنما خرجت حديثاً ؛ ولهذا اختلف العلماء في حكمها حتى أوصلها بعض العلماء إلى ستة أقوال ، وأختار منها أنا أنه لا يجوز فيها النسيئة ، ويجوز فيها الفضل ؛ بمعنى أنه لا يجوز أن أبدل ديناراً بدولار مع التأجيل سواء كان ذلك مؤجلاً أو تأخر القبض ، وهو غير مؤجل فإذا أردت أن أبيع دولاراتٍ بدنانير ، فوجب أن آخذ الدولارات وأسلم الدنانير في المجلس دون تأخير، وهكذا أيضاً لو أردت أن أبيع الدولارات بالريالات السعودية ، فإنه لا بد من أخذ العوض في المجلس يداً بيد ، أما الزيادة والنقصان فليس بحرام ؛ وذلك لاختلاف الجنس .... ، واختلاف الجنس يكون

باختلاف الدولة المصدرة لهذا النقد .... وخلاصة الجواب أن هذه الأوراق النقدية يجري فيها ربا النسيئة[١] .

واتە : فرۆشتنی دراو بە دراوێکی تر لەگەڵ دواخستنی وەرگرتنی دروست نییە لەسەر ئەو وتەیەی کە من هەڵمبژاردووە ، وە زانراویشە ئەم دراوە کاغەزییانە لە کۆندا نەبووە وتازە دروست بوون ، لەبەر ئەوە زانایان ناکۆکن لە حوکمەکەی هەتا هەندێك زانا گەیاندویەتیە شەش ڕەئی ، ئەوەی کە من هەڵمبژاردووە دواخستنی وەرگرتن تیایدا حەرامە ، بەڵام دەتوانرێت بە زیاتر بفرۆشرێت ، مانای ئەوەیە دروست نییە دینار بگۆڕمەوە بە دۆلار لەگەڵ دواخستنی وەرگرتن .... ئەگەر ویستم دۆلار بفرۆشم بە ریالی سعودی پێویستە ریالەکە لە هەمان

(١). (نور على الدرب)(ش٢٦٨).

دانیشتنندا وەربگرم دەست بە دەست ، بەڵام کەم وزیاد حەرام نییە لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکانی جیاوازە .... وە جیاوازی ڕەگەزی دراویش بە جیاوازی دەوڵەتەکانە کە ئەو دراوانەیان دەرکردووە .... پوختەی باسەکە ئەوەیە کە ئەو دراوە کاغەزییانە ڕیبای دواخستنیان تیادایە .

وە شێخ صالح الفوزان دەڵێت : الإتجار ببيع العملات بعضها مع بعض يسمى بالمصارفة ، سواء كان في البنوك أو في السوق الحرة.

وإذا اتحد جنس العملات ؛ كالذهب بالذهب ، والفضة بالفضة ، والريال السعودي مثلاً بالريال السعودي ، والمصري بالمصري ؛ وجب شيئان : التساوي في المقدار ، والتقابض في مجلس العقد ، فإن اختلَّ الشرطان أو أحدهما ؛ كان ربا.

وإن اختلف جنس العملات ؛ كأن با ع ذهبًا بفضة ، أو ريالاً سعوديًا بجنيه مصري مثلاً ؛ وجب شيء واحد ، وهو التقابض في مجلس العقد، وجاز التفاضل....

فالاتجار بالعملات ، يحتاج إلى بصيرة بالحكم الشرعي ، وتحفظ شديد من الوقوعِ في الربا [(١)] .

واتە : بازرگانى كردن بە كڕین وفرۆشتنى دراوەكان هەندێكى بە هەندێكى تر پێى دەگوترێت (مصارفة) ، ئەگەر ئەو بازرگانیكردنە لە بانك بێت یان لە بازاڕى ئازاد ، ئەگەر ڕەگەزى دراوەكان وەك یەك بوو ، وە زێڕ بە زێڕ ، وە زیو بە زیو ، وە ریالى سعودى بۆ نمونە بە ریالى سعودى ، دراوى میسرى بە دراوى میسرى ، دوو شت پێویستە : یەكسانى بڕەكەى ، وەرگرتنى لە لایەن كڕیار وفرۆشیارەوە لە هەمان كۆبوونەوەدا ، ئەگەر هەر دوو مەرجەكە نەبوو یان یەكێكیان دەبێتە ڕیبا .

---

(١). (المنتقى من فتاوى الشيخ الفوزان) (٣٢٨) .

بەڵام ئەگەر ڕەگەزی دراوەکان جیاوازبوون ، وەك ئەوەی زێڕ بفرۆشێت بە زیو ، یان ریالی سعودی بفرۆشێت بە جنیهی مصری بۆ نمونە ، ئەو کاتە یەك مەرج پێویستە ئەویش وەرگرتنیەتی لە کۆبوونەوەی گرێبەستەکە ، وە دروستە زیاد وکەمبێت ، بازرگانی کردن لە دراوەکان پێویستی بە بەرچاو ڕوونی ووریاییەکی زۆرە لە ترسی کەوتنە ڕیباوە .

وە شێخ الألبانی رحمه الله دەڵێت : العملة الورقية الآن نكرر ليرسخ الموضوع في الذهن قيمتها مقدرة بالذهب فأنت لما تتعامل بالعملة الورقية لا تتصور أنك تتعامل بغير عملة ذهبية لأن هذا الورق ليس له قيمة ذاتية ، من هنا نخلص إلى مسألة مهمة جدا وهي هل العملات الورقية في عليها زكاة ولا ما عليها زكاة طبعا في عليها زكاة وإن كان وصل الأمر ببعض الناس أن يقولوا مع الأسف ليس عليها

زكاة بعض الناس المذهبيين الذين ليس عندهم الفقه .... فمن لا فقه عنده يقول هذه العملة الورقية لا هي فضة ولا هي ذهب فإذا يجوز التفاضل فيها ولا يجب عليها الزكاة[١] .

واته : دراوە كاغەزییەكان لێرە دووبارەی دەكەینەوە بۆ ئەوەی لە بیریدا جێگیربێت ، بەهاكانیان لە خودی خۆیاندا نییە ، تۆ كاتێك كڕین وفرۆشتن بەو كاغەزە دراویانەوە دەكەیت ، گومانی ئەوە دەبەیت كە بە دراوی زێڕ كڕین وفرۆشتن دەكەیت ، لەبەر ئەوەی بەهای ئەم كاغەزانە لە خودی خۆیاندا نییە ، لێرەوە پرسیێكی گرنگمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا دراوە كاغەزییەكان زەكاتیان تیادایە یان زەكاتیان تیادا نییە ، گومانی تێدا نییە كە زەكاتیان تێدایە ، ئەگەرچی هەندێك كەس گەیشتوونەتە

---

(١). (سلسلة الهدى والنور ٧٩٨) .

ئەوەی بڵێن زەکاتی تێدا نییە بە داخەوە ، هەندێ لە مەزهەبییەکان کە شارەزاییان نییە .... دەڵێن ئەم دراوە کاغەزانە نە لە زیون نە لە زێڕ لەبەر ئەوە دروستە بە لە خۆیان زیاتر بفرۆشرێن وزەکاتیان تێدا نییە ؟!.

کەواتە دراوەکان هەموو ئەو حوکمە شەرعیانە دەیانگرێتەوە کە بۆ زێڕ وزیو هاتوون ، بە تایبەت زەکاتیان تیادا فەرزە ئەگەر گەیشتە ئەو ئەندازەی کە زەکاتی تیادا پێویستە ، وە ئەگەر بە ڕەگەزی خۆی گۆڕدرایەوە دەبێت هەمان بڕ ودەست بە دەست بێت ، بەڵام ئەگەر لە کاتی گۆڕینەوەدا ڕەگەزەکانی جیاوازبوو دەتوانرێت بگۆڕدرێتەوە بەوشێوەی بە نرخی ڕۆژ ڕێکدەکەون بەکەم وزیاد ئەگەر دەست بەدەستبوو ، وەك گۆڕینەوەی زێڕ بە زیو .

ئێستا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی چەند كارێكی نا شەرعی هەیە خەڵك ئەنجامی دەدەن وزۆر بە ئاسایی سەیری دەكەن ئەوە لە كاتێكدا ئەو كارانە حەرامن بەڵكو تاوانی گەورە وڕیباشن .

گۆڕینەوەی دراو بە دراوێکی جیاواز

ئەگەر کەسێك بۆ نمونە بیەوێت بڕی (١٠٠) دۆلاری ئەمریکی بگۆڕێتەوە بە دیناری عێراقی ، نابێت لێك جیابنەوە هەتاوەکو هەموو ئەو پارە عێراقییە وەردەگرێتەوە کە بەهای (١٠٠) دۆلارەکەیە ، ئەگەر نرخی (١٠٠) دۆلار بە نرخی ڕۆژ (١٢٠,٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی بێت ، دەبێت هەموو ئەو پارە عێراقیە وەر بگرێت پێش لەیەك جیابوونەوەیان ، لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکانیان جیاوازە دروستە کەم بە زیاد یان بە پێچەوانەوە بفرۆشرێت ، بەڵام دەبێت دەست بەدەستبێت ، واتا نابێت بڵێت ئەوە (١٠٠,٠٠٠)هەزارە پاشان وەرە (٢٠,٠٠٠) هەزارەکەی ترت وەربگرەوە ، ئەوە دەبێتە ڕیبای دواخستن .

عن عبادة بن الصامت ﵁ قال : قال رسول الله ﷺ : (الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلا بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ)(١).

واتە : زێڕ بە زێڕ ، وزیو بە زیو ، وگەنم بە گەنم ، وجۆ بە جۆ ، وخورما بە خورما ، وخوێ بە خوێ بفرۆشن ئەگەر كێشیان وەك یەك بوو دەست بە دەست ، بەڵام ئەگەر ڕەگەزەكان جیاوازبوون بیفرۆشن چۆن ویستان ، ئەگەر دەست بە دەست بوو .

---

(١). رواه مسلم .

گۆڕینەوەی دراو بە هەمان دراو

ئەگەر کەسێك بیەوێت (٢٥,٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی ورد بکاتەوە بە دیناری عێراقی ، دەبێت لە هەمان کاتدا پێش جیابوونەوەیان (٢٥,٠٠٠) دیناری عێراقی وەربگرێت بەبێ کەم وزیاد ، ئەگەر وتی : ئەوە (١٩,٠٠٠) هەزارە بۆ نمونە هەر ئەوەندەم پێیە کاتێکی تر وەرەوە ئەو بڕەی کە ماوە وەربگرەوە دروست نییە ، چونکە گۆڕینەوە ووردکرنەوەی دراو لە هەمان ڕەگەز پێویستە دوو مەرجی تێدابێت : هەمان بڕ بە هەمان بڕ بەبێ کەم وزیاد ، وە وەرگرتنی هەموو ئەو پارەیەی کە گۆڕدراوەتەوە ووردکراوەتەوە ، ئەگەر ڕازی بوو (١٩,٠٠٠) هەزارەکە ببات وکاتێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ماوەتەوە ، حەرامە وتووشی ڕیبای دواخستن دەبنەوە .

عن أبي المنهال قال : باع شريك لي ورقا بنسيئة إلى الموسم أو إلى الحج فجاء إلي فأخبرني فقلت هذا أمر لا يصلح ، قال قد بعته في السوق فلم ينكر ذلك علي أحد فأتيت البراء بن عازب فسألته فقال : ((قدم النبي ﷺ المدينة ونحن نبيع هذا البيع فقال : مَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ فَلَا بَأْسَ بِهِ وَمَا كَانَ نَسِيئَةً فَهُوَ رِبًا ، وائت زيد بن أرقم فإنه أعظم تجارة مني فأتيته فسألته فقال مثل ذلك))[١].

واته : ئەبو منهال دەڵێت شەریكێكم هەبوو زیوی فرۆشتبوو تاوەكو كاتی حەج ، هات بۆی باسكردم ، وتم ئەوە نابێت ، وتی : من له بازاڕ فرۆشتوومه وكەس نكوڵی ئەوەی لێنەكردووم ، هاتم بۆ لای بەرائی كوڕی عازب پرسیارم لێكرد ، وتی : ((پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم كه هات بۆ مەدینه ئێمه ئەم كڕین وفرۆشتنەمان

---

(١). رواه مسلم .

دەکرد ، فەرمووی : ئەوەی دەست بە دەست بێت ئاساییە ، ئەوەی دوابخرێت ئەوە ڕیبایە)) ، وە بچۆ بۆ لای زیدی کوڕی ئەرقەم چونکە لە من زیاتر بازرگانی دەکات هاتم بۆ لای وپرسیارم کرد هەمان وەڵامی دامەوە .

عَنْ أَبِي الْمِنْهَالِ يَقُولُ : ((سَأَلْتُ الْبَرَاءَ بْنَ عَازِبٍ وَزَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ عَنْ الصَّرْفِ فَقَالَا : كُنَّا تَاجِرَيْنِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلْنَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الصَّرْفِ فَقَالَ : إِنْ كَانَ يَدًا بِيَدٍ فَلَا بَأْسَ وَإِنْ كَانَ نَسَاءً فَلَا يَصْلُحُ))[١] .

ئەبومنهال دەڵێت : پرسیارم کرد لە البراو کوڕی عازب وزید کوڕی ئەرقم دەربارەی (الصرف) فەرموویان : ئێمە بازگان بووین لەسەردەمی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه

---

(١). رواه البخاري .

وسلم پرسیارمان لێكرد دەربارەی (الصرف) فەرمووی : ئەگەر دەست بە دەست بوو ئاساییە ، بەڵام ئەگەر دواخستنی تێدابوو نابێت .

وە شێخ ئیسلام ئیبن تیمیە رحمە الله دەڵێت : بَيْعُ الْفِضَّةِ بِالْفُلُوسِ النَّافِقَةِ : هَلْ يُشْتَرَطُ فِيهَا الْحُلُولُ وَالتَّقَابُضُ كَصَرْفِ الدَّرَاهِمِ بِالدَّنَانِيرِ؟ فِيهِ قَوْلَانِ هُمَا رِوَايَتَانِ عَنْ أَحْمَد : إحْدَاهُمَا لَا بُدَّ مِنْ الْحُلُولِ وَالتَّقَابُضِ ؛ فَإِنَّ هَذَا مِنْ جِنْسِ الصَّرْفِ ؛ فَإِنَّ الْفُلُوسَ النَّافِقَةَ تُشْبِهُ الْأَثْمَانَ فَيَكُونُ بَيْعُهَا بِجِنْسِ الْأَثْمَانِ صَرْفًا [1].

واتە : فرۆشتنی زیو بە فلسی بە بەها ، ئایا مەرجە دەست بەدەست بێت وەك فرۆشتنی درهەم بە دینار ؟ دوو بۆ چوون هەیە لەو بارەیەوە ، كە ئەوەش لە ئیمام ئەحمەد بەو دوو شێوە ڕیوایەت كراوە ، یەكەمیان ئەوەیە :

---

(١). (مجموع الفتاوى)(٢٩/ ٤٥٩).

پێویستە دەست بە دەست بێت لە هەمان کۆبوونەوەدا ئەوەی دەیگۆڕنەوە لە یەکی وەربگرن بەبێ دواخستن ، چونکە ئەمە لە ڕەگەزی (الصرف)ە ، چونکە فلسە بە بەهاکان هاوشێوەی نرخی شتومەکەکانە ، بەوەش فرۆشتن وگۆڕینەوەی بە ڕەگەزی خۆی لە بەهاکان (صرف)ە .

وە پرسیارکرا لە " اللجنة الدائمة للإفتاء " : بعض الزبائن المتعاملين معنا في البقالة ، يأتون إلينا أحيانا يريدون أن نصرف لهم مثلا ١٠٠ ريال ، ولا يوجد لدي سوى ٧٠ ريالا مثلا ، فيقول : أعطني إياها والباقي مرة ثانية ، فأقول له : هذا لا يجوز، فيقول لي: دع الذنب لي أنا ، فقد سألت بعض العلماء في قريتنا ، فقالوا : الصرف لا يجوز إلا كاملا ، أرجو من سماحتكم أن توضحوا لزبائننا ..

ج : يشترط لصرف العملات بعضها ببعض التقابض في مجلس العقد ، ولا يجوز استلام بعضها وتأجيل البعض الآخر ، فقد ثبت أن

النبي ﷺ قال : ((فإذا اختلفت هذه الأجناس فبيعوا كيف شئتم ؛ إذا كان يدا بيد))[١] .

واتە : هەندێك لە كڕیارەكانمان كە شت لە ئێمەی بەقاڵ دەكڕن هەندێك جار دەیانەوێت بۆ نمونە بڕی (١٠٠) ریالیان بۆ ورد بكەینەوە ، وە من بڕی (٧٠) ریال زیاترم پێ نییە بۆ نمونە ، دەڵێت : ئەو بڕەم بدەرێ ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ جارێكی تر ، پێی دەڵێم ئەمە دروست نییە ، دەڵێت : تاوانەكەی لەسەر من ، پرسیارم لە هەندێك زانا كردووە لە گوندەكەمان وتیان : ئەوە صەرفە ودروست نییە ئەگەر هەموو بڕەكەی پێنەدەیت ، داواكارم لە بەڕێزتان ئەو پرسە بۆ كڕیارەكانمان ڕوون بكەنەوە ..

---

(١). (اللجنة الدائمة للإفتاء) رقم (١٤٢٩٤).

وەڵام : مەرجە بۆ وردکردنەوەی پارە هەندێکی بە هەندێکی تری لە هەمان بەیەك گەیشتندا هەموو بڕەکە لەیەك وەربگرن ، وە دروست نییە بڕێکی وەربگرن وبڕێکی تری دوا بخەن ، چونکە لە پێغەمبەری خوداوە صلى الله عليه وسلم جێگیر بووە کە فەرموویەتی : ئەگەر ڕەگەزی ئەو شتانەی کە ڕیبایان تێدایە جیاوازبوو ئەوا بیفرۆشن چۆن ویستان ، ئەگەر دەست بە دەست بوو .

وە دیسان پرسیاریان لێکرا : رجل معه خمسمائة ريال ، يريد أن يصرفها ، ولم يجد عند صاحب البقالة سوى ثلاثمائة ريال ، وسيأخذ الباقي فيما بعد ، وقد اعترض شخص آخر ، وقال : هذا نوع من الربا ، نرجو الإفادة..

ج : لا يجوز للمتصارفين أن يتفرقا إلا بعد استلام كل منهما كامل مبلغ الصرافة ، وعلى ذلك فلا يجوز لمن دفع لشخص خمسمائة ريال

لصرفها أن يأخذ ثلاثمائة في الحال ، والباقي بعد الافتراق بزمن ولو قصير[١].

واتە : پیاوێك (٥٠٠) ریالى پێیە ودەیەوێت وردى بكاتەوە ، وە لاى بەقاڵەكە تەنها (٣٠٠) ریال هەبوو ، ئەوەى دەمێنێتەوە دواتر وەریدەگرێت ، كەسێك نكولى ئەوەى كرد ، وتى : ئەمە جۆرێكە لە ڕیبا ، تكاتان لێدەكەین سودمان پێبگەیەنن .

وەڵام : دروست نییە بۆ ئەو دوو كەسانەى كە كردارى وردكردنەوەى پارە ئەنجام دەدەن لەیەك جیابنەوە هەتا هەموو ئەو بڕە پارەیە لەیەك وەردەگرن كە وردیان كردووەتەوە ، كەواتە : دروست نییە بۆ ئەو كەسەى (٥٠٠) ریالى داوە بۆ ئەوەى وردى بكاتەوە (٣٠٠) ریالى وەر بگرێت

---

(١). (من فتاوى اللجنة الدائمة للإفتاء) رقم (١٦٢٤٧).

، ئەوەی دەمێنێتەوە پاش جیابوونەوە وەریبگرێت ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت .

وە پرسیار کرا لە پێشەوا ئیبن باز رحمه الله : أنا أعمل في محل ، ويأتيني جاري في بعض الأحيان ويقول لي : اصرف لي خمسين ريالاً ، وحينئذ لا يكون عندي غير الثلاثين مثلاً فأخبره ، فيقول : خذ الخمسين وأعطني الثلاثين ويبقى لي عندك عشرون ، هل هذا يجوز أم لا ؟.

فأجاب : هذا العمل لا يجوز ؛ لأنه فيه قبض للبعض وتأجيل للبعض، والصرف لابد يكون يدًا بيد....[1].

واتە : من ئیش دەکەم لە دوکانێك ، وە هەندێك جار دراوسێکەم دێت دەڵێت ئەو (٥٠) ریالەم بۆ وردکەرەوە ، لەو کاتەدا بۆ نمونە من پێی دەڵێم (٣٠)ریالم پێیە ، دەڵێت

(١). (فتاوى نور على الدرب)(٤٢١) .

: ئەم (٥٠) ریالە بەرە و(٣٠) ریالەکەم بدەرێ پاشان ئەو (٢٠) ریالەی کە دەمێنێیـەوە لێی وەردەگرم ، ئایا ئەمە دروستە ؟.

وەڵامی دایەوە : ئەو کردارە دروست نییە ، چونکە ئەوە وەرگرتنی هەندێك ودواخستنی هەندێکی تری تێدایە ، وە وردکردنەوەی پارە پێویستە دەست بە دەست بێت .

وە پرسیار کرا لە شیخ عبدالمحسن العباد : ما هو الفرق بين الصرف والبيع ؟.

فأجاب : إذا جئت إلى صراف وعندك مائة تريدها ريالات ، فقال : ليس عندي مائة ريالات ، لكن خذ هذه السبعين ، وتبقى لك ثلاثون ريالاً ، فهذا لا يجوز ؛ لأنه صرف ، ولابد من التماثل : مائة من الورق فئة ريال مقابل ورقة المائة ، وكذلك لابد من التقابض ،

وكونك تذهب ويبقى عنده لك شيء فهذا ربا نسيئة ؛ لأن هذا صرف[١].

واتە : جیاوازی چییە لە نێوان (صرف) وكڕین وفرۆشتن؟.

لە وەڵامدا وتی : ئەگەر هاتی بۆ لای ئەو كەسەی ئیشی گۆڕینەوەی دراو دەكات (١٠٠)ریالت پێبوو ویستت وردی بكەیتەوە ، وتی : (١٠٠) ریالم پێ نییە بەڵام ئەم (٧٠) ریالە ببە ، وە (٣٠) ریالت با بمێنێ ، ئەمە دروست نییە ، چونكە ئەوە صەرفە ، پێویستە وەك یەكبن ، (١٠٠) ریالی كاغەز بەرامبەر (١٠٠) ریالی كاغەز ، وە هەروەها پێویستە دەست بەدەست لە یەكتری وەربگرن ، وە ئەوەی لێی جیاببیتەوە وبڕێك پارەت بمێنێتەوە ئەوە ڕیبای دواخستنە ، چونكە ئەوە كرداری صەرفە.

---

(١). (مقطع صوتي).

وردکردنەوەی دراو بە هەمان دراو لەگەڵ چاوەڕوانی وەرگرتنی پارەکە

دیسان ئەگەر کەسێك بیەوێت (٢٥,٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی ورد بکاتەوە بە دیناری عێراقی ، دەبێت لە هەمان کاتدا پێش جیابوونەوەیان (٢٥,٠٠٠) دیناری عێراقی وەر بگرێتەوە بەبێ کەم وزیاد ، ئەگەر وتی : بووەستە دەچم بۆتی ورد دەکەمەوە بۆتی دەهێنمەوە ، ئایا ئەم شێوازەش دەبێتە ڕیبای دواخستن ، زانایان لەو بارەیەوە ناکۆکن ، پێشەوا ئیبن حجر رحمه الله دەڵێت : استدل به (يعني قوله هاء وهاء) على اشتراط التقابض في الصرف المجلس وهو قول أبي حنيفة والشافعي وعن مالك لا يجوز الصرف الا عند الإيجاب بالكلام ولو انتقلا من ذلك الموضع إلى آخر لم يصح تقابضهما ومذهبه أنه لا يجوز عنده تراخى القبض في الصرف سواء كانا في المجلس أو تفرقا وحمل

قوله عمر لا يفارقه على الفور حتى لو آخر الصيرفي القبض حتى يقوم إلى قعو دكانه ثم يفتح صندوقه لما جاز [(١)].

واتە : (هاء وهاء) کراوەتە بەڵگە بۆ مەرجی وەرگرتنی ئەو پارە وبەهایانەی ورد دەکرێنەوە لەو کۆبوونەوەی بە مەبەستی وردکردنەوەی دراوەکان کۆ دەبنەوە ، ئەوە بۆچوونی ئەبو حەنیفە وشافعیە بەڵام لای مالك صرف وردکرنەوەی پارە دروست نابێت ئەگەر یەکسەر دوای قسەکردنەکە دراوەکانیان نەگۆڕنەوە ئەگەر لەو شوێنە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕینەوەکە دروست نابێت مەزهەبی بەو شێوەیە کە سستی لەوەرگرتنی وردکراوەکاندا نابێت ئەگەر لە کۆبوونەکە مابێتنەوە یان لێك جوودا بووبنەوە ، وە ئەو وتەی پێشەوا عمری وا

(١). (فتح الباري)(١٠/ ١٢٥).

لێکداتەوە لێی جیانەبێتەوە لەو کاتەدا ، ئەگەر دراو گۆڕەکە دوایخست بۆ ئەوەی بچێتە ئەمباری دوکانەکەی وسندوقەکەی بکاتەوە وبۆ ئەوەی گۆڕدراوەکە بداتەوە دروست نییە لای .

وە پێشەوا ئیبن عبدالبر رحمە اللە دەڵێت : وَلَا يَصْلُحُ الصَّرْفُ إِلَّا عِنْدَ الْإِيجَابِ بِالْكَلَامِ وَلَوِ انْتَقَلَا مِنْ ذَلِكَ الْمَوْضِعِ إِلَى مَوْضِعٍ غَيْرِهِ لَمْ يَصِحَّ تَقَابُضُهُمَا ، وَقَالَ الشَّافِعِيُّ وَأَبُو حَنِيفَةَ وَأَصْحَابُهُمَا يَجُوزُ التَّقَابُضُ فِي الصَّرْفِ مَا لَمْ يَفْتَرِقَا وَبَيْنَهُمَا شَيْءٌ وَإِنْ طَالَتِ الْمُدَّةُ وَانْتَقَلَا إِلَى مَكَانٍ آخَرَ وَحُجَّةُ مَالِكٍ قَوْلُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ)) فَهَذَا يَدُلُّ عَلَى الْعَوْدِ لَا عَلَى التَّرَاخِي وَحُجَّةُ الشَّافِعِيِّ وَالْكُوفِيِّينَ أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ رَوَى الْحَدِيثَ ثُمَّ قَالَ لِطَلْحَةَ وَاللَّهِ لَا تُفَارِقْهُ حَتَّى تَأْخُذَ

وَقَالَ أَيْضًا وَلَوِ استنظرك إلى أن يلج بيته فلا تنظره فَدَلَّ عَلَى الْمُفَارَقَةِ بِالْأَبْدَانِ [١].

واتە : کرداری صەرف کردن دەبێت دوای ڕێککەوتن بە قسە ئەنجامبدرێت ، ئەگەر لەو شوێنە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر ئەو کات وەرگرتنەکەیان لەیەك دروست نییە ، وە شافعی وئەبوحەنیفە وهاوەڵەکانیان دەڵێن دروستە لە کاتی صەرفکردندا ئەوەی لەسەر ڕێك دەکەون لەیەکی وەربگرن ئەگەر لە یەك جیانەبووبنەوە وشتێك کەوتبێتە نێوانیانەوە ئەگەر کاتەکە زۆریش بخایەنێت وپێکەوە بچن بۆ شوێنێکی تر بەڵگەی مالك ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێت : گۆڕینەوەی زێڕ بە زێڕ ڕیبایە ئەگەر بیبە وبمدەرێ نەبێت ، ئەمە

(١). (الاستذكار)(٦/ ٣٥٦) .

دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی ئەوەی گۆڕدراوەتەوە وە سستی ناگرێتەوە ، وە بەڵگەی شافعی وكوفییەكانیش ئەوەیە كە لە پێشەوا عمر رضی الله عنه فەرموودەی گێڕاوەتەوە پاشان بە طلحەی فەرمووە سوێند بە خودا لێی جیانابیتەوە هەتا وەریدەگریت ، وە فەرمووی ئەگەر وتی چاوەڕوانبە هەتا دەچمە ماڵەوە ئەوە ڕوخسەتی مەدە ، ئەمە دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی مەبەست جیابوونەوەیە لەیەك بە جەستە .

وە زۆربەی زانایانی سەردەم دەڵێن : دروستە : "اللجنة الدائمة" دەڵێن : فرۆشیار ئەگەر ڕۆیشت بۆ هێنانەوەی باقی لە نێو دوكانەكەی یان لە دوكانی دراوسێكەی ، هیچی تێدا نییە ، چونكە ئەوە صرف نییە كە پێویست بێت لە هەمان كاتدا وەریبگرێتەوە.

وە پرسیار لە شێخ صالح الفوزان كرا : ئەگەر كەسێك كالآیەكی دیاریكراو بكڕێت ، وە فرۆشیارەكە نەتوانێت

پارەکەی صرف بکات واتە باقی پێنەبێت ، وە فرۆشیارەکە (١٠٠) ریالەکەی یان (٥٠٠) ریاکەی برد بۆ ئەوەی وردی بکاتەوە ، ئایا ئەمە ڕیبایە ؟

لە وەڵامدا وتی : ئەگەر ڕۆیشت وردی بکاتەوە وتۆ دانیشتبووی ، وە هاتەوە وباقیەکەی بۆ گەڕاندیتەوە ، ئەوە هیچ ڕێگیرییەکی تێدا نییە ، بەڵام ئەگەر پارەکەی بدەیتی بڵێت سبەی یان دوو سبەی دێمەوە باقیەکەی وەر دەگرمەوە ، ئەوە نابێت ، چونکە جیابوونەتەوە پێش ئەوەی پارەکەی وەر بگرێتەوە .

ئەم پرسە لای زانایانی پێشین پرسێکی خیلافی بووە ، بۆ چارەسەری ئەو کێشیە دەتوانرێت چەند ڕێگە چارەیەك بگیرێتە پێش : نەدانە دەستی ئەو برە پارەیەی کە دەتەوێت وردیکەیتەوە هەتا لای دراو سێ دوکانەکەی وردی دەکاتەوە ، یان ئەوەی لەگەڵی بڕۆیت بۆ لای دراوسێ

دوكانەكەى ، ئەگەر ديقەتى وتەى پێشەوا ئەبوحەنيفە وشافعى ومالك بدەيت هەموويان لەوەدا هاودەنگن كە نابێت ئەو كەسەى دەيەوێت پارەكەى صەرف بكات ووردىكاتەوە بەجەستە لێى جيابێتەوە هەتاوەكو هەموو پارە صەرفكراوەكە وەر دەگرێتەوە ، زياتر لەوەش پێشەوا مالك دەڵێت : گەر لە هەمان كۆبونەوەشدابوون بە قسە رێككەوتن وپارەكانيان نەگۆڕييەوە ئەو صەرفكردنە بە پووچەڵ دەزانرێت ، جا لەبەر ئەوەى ڕيبا تاوانێكى ترسناكە ومرۆڤ دەتوانێت لەو كردارە ئاسان دەربازى بێت باشتر وايە بە دووربێت لەم جۆرە صەرفكردنە چونكە پێغەمبەرى خودا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : ((دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ))[1] .

---

(١). رواه الترمذي والنسائي وابن حبان في صحيحه وقال الترمذي حديث حسن صحيح ، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب"(١٧٣٧) .

واتە : واز لە شتێك بهێنە کە گومانت لێی هەیە ، وە ئەو شتە ئەنجامبدە کە گومانت لێی نییە ولێی دڵنیایت ، وە ڕێسایەکمان هەیە دەڵێت : (الْخُرُوجُ مِنْ الْخِلَافِ مُسْتَحَبٌّ) .

واتە : دەرچوون ودوورکەوتنەوە لە ناکۆکی کارێکی ویستراو وسوننەتە .

مانەوەی بڕێك پارە لای فرۆشیار دوای شت کڕین

ئەگەر کەسێك بۆ نمونە (٢٥,٠٠٠) هەزار دیناری پێبێت وبیەوێت شتێك بكڕێت نرخەکەی (٧,٠٠٠) هەزار دیناربێت ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە (١٨,٠٠٠) هەزار دینارە بەڵام فرۆشیارەکە بڵێت تەنها (١٤,٠٠٠) هەزارم پێیە بیبە کاتێکی تر کە هاتیتەوە (٤,٠٠٠) هەزارەکەی ترت وەربگرەوە ، ئایا ئەمە دروستە وڕیبای دواخستنی تێدەکەوێت ؟

زانایان ناکۆکن لەو بارەیەوە وبە شێوەیەکی گشتی دوو ڕایان هەیە :

البهوتی رحمه الله دەڵێت : ولو اشترى فضة بدينار ونصف دينار ودفع المشتري إلى البائع دينارين ليأخذ قدر حقه منه ، فأخذ

البائع قدر حقه من الدينارين ، ولو بعد التفرق صح الصرف لحصول التقابض قبل التفرق ، والذي تأخر إنما هو تمييز حقه من حق الآخر ، والزائد من الدينارين أمانة في يد البائع[١] .

واتە : ئەگەر بڕێك زیوی بە دینار ونیوێكی زێڕ كڕی بەڵام دوو دیناری دایە فرۆشیارەكە بۆ ئەوەی ئەندازەی مافەكەی خۆی لێبباتت ، ئەگەر دوای لێك جیابوونەوەش بێت ئەو كرداری صەرفە دروستە ، چونكە پێش ئەوەی لێك جیابنەوە لە یەكیان وەرگرتووە ، ئەوەی كە ماوەتەوە بۆ جیاكردنەوەی مافەكەیەتی لە مافیكی تر ، ئەوەشی كە لە دوو دینارەكە زیاترە ئەمانەتە لە دەستی فرۆشیاردا .

(١). (كشاف القناع)(٣/٢٦٩) .

وە پرسیار كرا لە پێشەوا ئیبن عثیمین رحمە اللە : ما الحكم إذا أتى المشتري واشترى سلعة بعشرين ريالاً ، وقد أعطى البائع أكثر من هذا المبلغ ، فيقول البائع حينئذٍ للمشتري : ما بقي لك تعال وخذه غداً مني .

فأجاب : هذه الصورة ليس فيها ربا ، الربا لو قلت : اصرف لي فئة خمسين ، فقال : ليس عندي إلا خمسة وعشرين خذ خمسة وعشرين والباقي تأتيني بعد ذلك ، هذا الذي يكون ربا.

واتە : حوكمى ئەوە چییە كەسێك بچێت بۆ لاى فرۆشیارێك كاڵایەك بكڕێت بە (٢٠)ریال ، بەڵام زیاتر لەو بڕەى داوەتە فرۆشیارەكە ، لەو كاتەدا فرۆشیارەكە بە كڕیارەكە دەڵێت : ئەوەى كە ماوەتەوە سبەى وەرە وەریبگرەوە ؟.

لە وەڵامدا وتى : ئەم شێوازە ڕیبای تێدا نییە ، كاتێك تووشى ڕیبا دەبێت بڵێت : ئەم (٥٠)ریالیەم بۆ ورد

بکەرەوە ، فرۆشیارەکە بڵێت : تەنها (٢٥)ریالم پێیە بیبە ئەوەی دەمێنێتەوە کاتێکی تر وەرە وەریبگرەوە ، ئەوە ئەو شێوازەیە کە ڕیبای تێدایە .

وە شێخ عبدالمحسن العباد دەڵێت : إذا جئت إلى صاحب دكان واشتريت منه سلعة بخمسين ريالاً ، فأعطيته مائة ، فقال : يبقى لك عندي خمسون ريالاً ، فهذا جائز ، ولا يقال : إنه صرف ؛ لأن هذا بيع سلعة بعملة ، إلا أن المشتري ليس عنده المبلغ المقابل للسلعة ، ولكن عنده مبلغ أكثر منها ، والبائع أخذ المبلغ الأكثر ليطمئن على حقه [١].

واتە : ئەگەر هاتی بۆ لای خاوەن دوکانێك وکاڵایەکت لێ کڕی بە (٥٠) ریال ، وە (١٠٠) ریالیەکت پێدا ، وتی : با ئەو پەنجا ریالەت لای من بمێنێتەوە ، ئەوە دروستە ، وە

---

(١) . (مقطع صوتي).

ناوترێت : ئەوە صەرفە ، چونکە ئەوە فرۆشتنی کاڵایە بە دراو ، تەنها ئەوەیە کە کڕیار ئەو بڕەی پێ نییە کە نرخی کاڵاکەیە بەڵکو لەوە زیاتری پێیە ، وە فرۆشیارەکە بڕە زۆرەکەی وەرگرت بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە مافەکەی نەفەوتێت .

وە پرسیارکرا لە "اللجنة الدائمة للإفتاء" ئایا هێشتنەوەی باقی لای بەقاڵ دوای شت لێ کڕینی دەبێتە ڕیبا :

فأجابوا : ليس في إبقاء المشتري بعض نقوده عند البائع شيء من الربا ؛ لأن هذا من باب البيع وائتمان البائع على بقية الثمن ، وليس من باب الصرف [1].

---

(١) . (فتاوى اللجنة الدائمة)(١٣/ ١٨٠).

لە وەڵامدا وتیان : هێشتنەوەی هەندێك پارەی كڕیار لای فرۆشیار ڕیبای تێدا نییە ، چونكە ئەوە لە بابەتی كڕین وفرۆشتنە وبە ئەمانەت دانانی ئەوە بڕە پارەیەی كە ماوەتەوە لای فرۆشیار ، وە لە بابەتی صەرف نییە .

وە هەندێك دەڵێن : ئەو كردارە پەیوەندی بە نیەتی ئەو كەسەوە هەیە ئەگەر مەبەستی تەنها وردكردنەوە وصەرفكردنی پارەكەبێت ئەوا نابێت لێك جیابنەوە هەتاوەكو هەموو ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوە لە فرۆشیارەكەی وەردەگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر مەبەستی تەنها شتومەك كڕین بوو وبەڵام فرۆشیارەكە هەندێك لە پارەكە لای مایەوە لەبەر ئەوەی باقی پێنەبوو ئەوە ئاساییە ، ئەو ڕێسا فقهیەش دەكەن بە بەڵگە كە دەڵێت : (العبرة في العقود للمقاصد والمعاني لا للألفاظ والمباني) ، واتە : لە

گرێبەستەکان عیبرەت بە مەبەستەکان وواتاکانە ، نەوەك زاراوە ووشەکان .

وە بۆچوونێکی تر دەڵێت ئەو کردارە حەرام ونابێت لەیەك جیابنەوە هەتاوەکو هەموو ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوە لە فرۆشیارەکەی وەرنەگرێتەوە ، چونکە ئەو کەسە کە دەیەوێت شت بکڕێت وباقی وەردەگرێتەوە لە هەمانکاتدا کرداری کڕین وصەرفکردنی پارەکەشی ئەنجام داوە لەبەر ئەوە نابێت لەیەك جیابنەوە هەتا هەموو باقییەکەی وەرنەگرێتەوە ئەگەرنا تووشی ڕیبای دواخستن دەبنەوە .

پێشەوا ئیبن عثیمین رحمه الله ڕەئییەکی تری جیاواز لەو ڕەئیەی پێشووی هەیە ، پرسیاری لێکرا : فضيلة الشيخ ذكرت في شريط: "الأسلوب الأمثل في الدعوة" أنك إذا اشتريت مثلاً من صاحب بقالة بقيمة أربعين ريالاً فأعطيته خمسين وبقي لك عشرة

ريال فقلت: إنه ربا نسيئة ، ما هو الدليل على ذلك لأن كثيراً من الناس وقع في ذلك؟.

الجواب : هذه الصفقة بارك الله فيك جمعت بين بيع وصرف، الخمسين ريالاً الآن صارت عوضاً لصرف وبضاعة فأما البضاعة فمعروف أنه ليس بينها وبين الدراهم ربا، وأما الصرف الذي هو باقي قيمة الخمسين فهو بيع نقد بنقد ، فلا يجوز أن تفارقه حتى تأخذ منه ما بقي من الخمسين ، وحل هذه المشكلة سهل بدلاً من أن يقول : هذه الخمسين ويبقى عندك لي عشرة ريالات يذهب إلى جاره ويصرف الخمسين ويعطيه أربعين [1].

بەڕێز شێخ لە کاسێتی "الأسلوب الأمثل في الدعوة " دا : دەڵێت ئەگەر لە بەقاڵێك بۆ نمونە بەنرخی (٤٠)ريال كاڵا بكڕيت وە دراوێكی (٥٠) ريالی پێبدەيت ، كە (١٠)ريالت

---

(١) . (لقاء الباب المفتوح)(٧٢/ ١٧) .

لای دەمێنێتەوە ، دەڵێیت : ئەوە ڕیبای دواخستنە ، بەڵگە چییە لەسەر ئەوە چونكە خەڵكێكی زۆر دووچاری ئەو كێشەیە بووە؟.

وەڵام : ئەو گرێبەستە بارك الله فیك كڕین وصەرفكردنی تێدا كۆبووەتەوە ، (٥٠)ریالەكە ئێستا بووەتە بەرامبەر لەبری صەرف ونرخی كاڵاكە ، باوە كە لە نێوان شمەكەكان ودرهەمدا ڕیبا نییە ، بەڵام كرداری صەرفكردن لە ئەو بڕەیە كە ماوەتەوە لە (٥٠)ریالەكە ئەوە صرفكردنی دراوە بە دراو ، دروست نییە لێی جیابیتەوە هەتاوەكو ئەوەی كە دەمێنێتەوە لە (٥٠)ریالەكە لێی وەردەگریت ، وە چارەسەری ئەو كێشەیەش ئاسانە : لە بری ئەوەی پێی بڵێت : ئەو (٥٠) ریالەی تۆ با (١٠) ریالی لای من بمێنێتەوە ، بچێتە لای داروسێكەی ئەو پارەیە ورد بكاتەوە وباقی كڕیارەكە بداتەوە .

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم بۆچوونەی دووەمی پێشەوا ئیبن عثیمین رحمه الله بەهێزترە چونکە کرداری صەرفکردن لەو گرێبەستە بە ئاشکرا دیارە .

فرۆشتنی دراوی کۆن بە دراوی نویّ

ئەگەر جۆری دراویّکی کاغەز یان کانزا جگە لە زیّڕ وزیو هەڵوەشایەوە یان لە کارخرا لەبەر هەرهۆکاریّك ، کاربەدەست لە کارییبخات یان بەهاکەی نەمیّنیّت یان زۆر کۆن ببیّت وبەهابوونەکەی لە دەستبدات ، ئایا فرۆشتنی ئەو جۆرە دراوانانە بە کەمتر یان زیاتر لەو بەهایانەی کە لەسەریان نوسراوە یان هەیانبووە وئیّستا ئەو بە هایان لە دەستداوە ، چییە ؟.

لە سەرەتادا باسی ئەوەمان کرد کە دراوەکانی ئەم سەردەمانە بەهاکانیان لە خودی خۆیاندا نییە ، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵە هۆکاریّکەوە هەیە کە پیّشتر پەیوەندی بە زیّڕەوە هەبوو ، بەلاّم ئیّستا ئەو پەیوەندییە نەماوە یان ئەگەرمابیّتیش زۆر لاواز بووە ،

ئێستا کاریگەرترین هۆکار لەسەر بەهای دراوەکان سیاسەتی دەوڵەتەکان وبەهێزی ئابورییەکەیانە ، وەك پێشەوا الألبانی رحمه الله دەڵێت : کاغەزێکی سپی زیاتر سودی لێدەبینرێت بۆ شت لەسەر نوسینی وەك لە کاغەزی دراو ، کەواتە ئەگەرچی ئەم دراوە کاغەزییانە هەموو ئەو حوکمانەیان هەیە کە بۆ زێڕ وزیو لە ئیسلامدا هاتوون بەڵام لەو ڕوانگەیەوە جیاوازە لەگەڵ زێڕ وزیو کە دەتوانرێت بێ بەها بکرێت ولە بەهاکەی دابڕنرێت ولەکار بخرێت ، گەربێ بەهابوو لەبەر هەر هۆکارێك ئەوکات دروستە کڕین وفرۆشتنی پێوە بکرێت وەك هەر کاڵایەك بەبێ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ڕیبا وەك دەست بەدەست وکەموزیاد وەك ئەو (٢٥,٠٠٠)دینارە عێراقیەی چاپی سویسری کە وێنەی صدام حسینی سەرۆکی پێشووی عێراقی لەسەر بوو لە کارخرا وبێ بەهاکرا ، دەتوانرێت

كڕین وفرۆشتنی پێوە بكرێت وەك هەر كاڵایەك بە هەرشێوەیەك كە كڕیار وفرۆشیار لەسەری ڕێك دەكەون .

پرسیار كرا لە پێشەوا ئیبن عثیمین رحمه الله : ما حكم بعض الأشخاص وضعوا عملة قديمة على شكل مزاد ؟ .

الشيخ يعني : عنده عملة قديمة يريد بيعها بأكثر من قيمتها ؟.

السائل: نعم.

الشيخ : ليس فيه بأس ؛ لأن العملة القديمة أصبحت غير نقد..

السائل: لكنها مستعملة .

الشيخ : فإذا كان مثلاً عنده من فئة الريال الأولى الحمراء أو من فئة خمسة أو عشرة التي بطل التعامل بها وأراد أن يبيع ذات العشرة بمائة فلا حرج ؛ لأنها صارت سلعة لها قيمة ، الآن النقود السابقة يشترونها بأكثر من قيمتها ، لكنها أصبحت سلعة ليست بنقد ، فلا حرج .

السائل: تستعمل .

الشيخ: أبداً ما تستعمل ، الحكومة ما ترضى باستعمالها أبداً.

السائل: دولار.

الشيخ: الدولار تغير عن قبل ؟

السائل: الآن يستعمل يا شيخ ؟

الشيخ : الدولار بارك الله فيك نقد ما أُبطل ما زال يمشي ، وقيمته ترتفع وتنخفض حسب قوة الدولة الأخرى ؛ لأنه كلما ضعفت الدولة ضعفت نقودها [١].

واتە : حوكمی ئەو کەسانە چییە کە دراوی کۆنەیان داناوە لەسەر شێوەی مەزاد بۆ فرۆشتن ؟

شێخ واتا : دراوی کۆنی هەیە دەیەوێت بە نرخی زیاتر بیفرۆشێت ؟

پرسیارکەر : بەڵێ .

(١) . (لقاء الباب المفتوح)(١٢/ ١٦١ـ ١٦٢) .

شێخ : ئاساییە وهیچی تێدا نییە ، چونكە ئەو دراوە كۆنەیە ئێستا نەختێنە نییە وبەهای نییە ..

پرسیاركەر : بەڵام بەكار دەهێنرێت .

شێخ : ئەگەر بۆ نمونە جۆری یەك ریالی ڕەنگ سوری لەوەی سەرەتای پێی بێت یان پێنج ریالی یان دە ریالی كە ئێستا بەهایان نەماوە وپووچەڵ بونەتەوە وكڕین وفرۆشتنیان پێوە ناكرێت وبیەوێت دە ریالییەكە بیفرۆشێت بە سەد ریال ئاساییە ، چونكە بووەتە كاڵایەك ونرخی هەیە ، ئێستا دراوە كۆنەكان بە زیاتر لە بەهای خۆیان دەفرۆشرێن ، لەبەر ئەوەی بووەتە كاڵاو ونەختێنە نییە ئاساییە .

پرسیاركەر : بەكاردەهێنرێت ؟

شێخ : هەرگیز بەكار ناهێنرێت ، حكومەت بەهیچ شێوەیەك ڕازی نییە بە بەكارهێنانی .

پرسیارکەر : دۆلار .

شێخ : دۆلار لەوەی پێشوتر لەسەری بووە گۆڕاوە .

پرسیارکەر : ئێستا دۆلار بەکار دەهێنرێت یا شێخ .

شێخ : دۆلار بارك الله فيك دراوێکە پووچەڵنەکراوەتەوە ئێستاش بەکارە ، وە بەهاکەی بەرز ونزم دەکات بە هۆی بەهێزی ولاوازی دەوڵەتەکەوە ، چونکە هەتا دەوڵەت لاوازبێت دراوەکەی لاواز دەبێت .

گۆڕینەوەی دراوی کانزایی بە دراوی کاغەز

دراوی کانزایی هەندێك جار بەکەمتر یان زیاتر لەو بەهایەی لەسەریان نوسراوە دەگۆڕدرێنەوە ، لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە : قورسی هەڵگرتنی ئەو جۆرە دراوانە ، یان کەمی مامەڵە پێوە کردنیان لەبەر کەمی بەهاکانیان ، ئەوکاتانە بەکەمتر لەو بەهایانەی لەسەریان نوسراوە دەگۆڕدرێنەوە ، بەڵام هەندێك جاریش زۆر کەم دەبنەوە وەك ئەوەی لە هەندێك وڵات بۆ تەلیفۆنە ناخۆییەکان یان بۆ کرێی سواربوونی پاص بەکاردێت ئەو کاتانە بەهایان بەرزدەبێتەوە ، لەسەرەتادا فەتوای زانایانمان گواستەوە لەسەر ئەوەی دراوە کاغەزییەکانی هەر وڵاتێك نەختێنەی سەربەخۆن لەبەر جیاوازی ڕەگەز وجۆری ئەو ماددانەی لێیان دروستکراوە ، پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق

کێشەیەکی لەو جۆرە لە کوردستان بوونی هەبوو ئەویش فرۆشتنی دیناری کانزایی بوو کە "پێی دەگوترا دیناری ئاسن" بەکەمتر لە نرخەکەی بە جۆرێك (٦)دیناری ئاسن بە (٥)دیناری کاغەز دەفرۆشراو ودەگۆڕدرایەوە ، ئایا ئەوە نابێتە ڕیبا زیادە خستنە سەر ؟.

زانایان ناکۆکن لەو بارەیەوە :

پێشەوا ئیبن باز رحمه الله دەڵێت : الأحوط التماثل ، هذا هو الأحوط ، فيه خلاف ، والأحوط التماثل ، وإن فعل فلا حرج إن شاء الله ، لكن الأحوط هو التماثل عشرة بعشرة ، مائة بمائة ، ثلاثين بثلاثين ، من الورق والهلل جميعًا ؛ لأنها كلها تسمى دراهم عملة هذه ورق وهذه هلل ، فإذا ساوى بينهما يكون أحوط ، ريال ورق بريال

هلل أو عشرة ريال هلل بعشرة ريال ورق ، كل هذا أحوط وأحسن خروجًا من الخلاف في هذا[1].

واتە : باشتر وایە وەك یەك بگۆڕدرێتەوە ، ئەوە باشترە ، ناكۆكی تێدایە ، ئەگەر بەو شێوەیەش بگۆڕدرێتەوە ئاسایییە إن شاء الله ، بەڵام باشتر وایە (١٠) ریال بە (١٠) ریال بگۆڕدرێتەوە ، (١٠٠) بە (١٠٠) ، (٣٠) بە (٣٠) لە كاغەز ولە هللەی كانزای ، چونكە هەمووی پێی دەگوترێت ریال ئەگەر چی ئەمە كاغەزە وئەمە هللەی كانزایییە ، ئەگەر بە یەكسانی گۆڕدرایەوە ئەوە باشترە ، ریالی كاغەز بە ریالی كانزایی یان (١٠) ریالی كانزایی بە (١٠) ریالی كاغەز ، بەو شێوەیە باشترە بۆ ئەوەی لەو ناكۆكییە دەربچن .

---

(١) . موقع العلامة ابن باز رحمه الله .

وە پرسیار کرا لە "اللجنة الدائمة لإفتاء" ئایا دروستە (٩)ریالی کانزایی بفرۆشم بە (١٠) ریالی کاغەز ؟ .

لەوەڵامدا وتیان : بعد دراسة اللجنة للاستفتاء واستعراضها لما صدر منها سابقا في الموضوع رأت أنه لا مانع من التفاضل في صرف العملة الورقية السعودية بالعملة المعدنية السعودية لاختلاف المادة بينها بشرط التقابض في مجلس العقد[1].

واتە : دوای لێکۆڵینەوە لیژنەی فەتوا دەرخستنی ئەوەی پێشووتر بڵاویان کردووەتەوە لەسەر ئەو بابەتە ، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئاساییە لە کاتی صەرفکردن وگۆڕینەوەی دراوی کاغەزی سعودی بە دراوی کانزایی سعودی ئاساییە بەکەم زیاد گۆڕینەوەی لەبەر جیاوازی ئەو

(١) . [فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء (١٣/ ٤٧٠)].

ماددەی کە لێی دروستکراون ، بەمەرجی ئەوەی دەست بەدەستبێت وپێش جیابوونەوە لەیەکی وەربگرن .

وە پرسیار کرا لە پێشەوا ئیبن عثیمین رحمە اللە ئایا گۆڕینەوەی دراوی کاغەز بە دراوی کانزا بە کەمتر یان زیاتر دروستە ؟ .

لەوەڵامدا وتی : الذي أرى إن هذا جائز ولكن بشرط التقابض في مجلس العقد فيجوز أن أعطيك عشرة ريالات ورقية بتسع ريالات معدنية أو خمسين ريالاً ورقياً بثمانية وأربعين معدنية أو بالعكس بأن أعطيك عشرة ريالات ورقية بإحدى عشرة ريالاً معدنية لأنه أحياناً تكون الرغبة في هذا وأحياناً تكون الرغبة في هذا وذلك لاختلاف الجنس وإن كانت القيمة في نظر الحكومة واحد لكن الجنس مختلف والتقويم هذا تقويم نظامي ليس تقويماً حقيقياً ، بدليل أن الحكومة لو شاءت لجعلت بدل الريال الورقي ريالين من هذا الريال المعدني أو أكثر أو أقل فإذا كان هذا ثمناً بحسب نظام الحكومة لا بحسب الواقع

فإن التفاضل لا بأس به ، وهكذا نقول في جميع الأوراق النقدية إذا اختلف جنسها فإنه يجوز فيها التفاضل لكن بشرط التقابض في مجلس العقد[١] .

واتە : من ڕەئیم وایە ئەوە دروستە ، بەڵام بە مەرجی دەست بەدەست ووەرگرتنی لە کۆبووەی گۆڕینەوەی دراوەکەدا ، دروستە (١٠)ریالی کاغەزت بدەمێ ولە بەرامبەردا (٩)ریالی کانزات لێوەربگرم ، یان (٥٠) ریالی کاغەزت بدەمێ و(٤٨) ریالی کاغەزت لێوەربگرم ، یان بە پێچەوانەوە (١٠)ریالی کاغەزت پێبدەم و(١١) ریالی کانزاییت لێوەر بگرم ، چونکە هەندێك جار خواست لەسەر کاغەزەکە زیاترە وهەندێك جار لەسەر کانزاکە ، لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکانیان جیاوازە ، ئەگەرچی بەهاکانیان لای حکومەت

(١) . [فتاوى نور على الدرب للعثيمين (١/٢٤٩)].

یەکە ، بەڵام ڕەگەزیان جیاوازە وئەوە هەڵسەنگاندێکی یاساییە وهەڵسەنگاندنێکی حەقیقی نییە ، بە بەڵگەی ئەوەی حکومەت بیەوێت لەبری ئەو یەك ریالییە دوو ریال یان زیاتر لەسەر ئەو ریالە کانزاییە دابنێت یان بە پێچەوانەوە ، ئەگەر ئەوە یاسای حکومەت بێت نەوەك نرخی واقعی گۆڕینەوەی ئەو جۆرە دراوانە بەکەم وزیاد ئاساییە ، وە هەروەها دەڵێن دەربارەی هەموو دراوە نەختێنەکان ئەگەر ڕەگەزەکانیان جیاواز بوو دروستە بە کەمتر یان زیاتر بگۆڕدرێنەوە بە مەرجی ئەوەی دەست بەدەستبێت .

وە پرسیار کرا لە پێشەوا الألبانی رحمه الله : ئایا دروستە دراوی کاغەزی بگۆڕدرێتەوە بە زیاتر لە دراوی کانزایی بۆ نمونە : (١٠)ریالی کاغەزت پێدەدەم لە بەرامبەردا (٩) ریالی کانزایم پێدەدەیت ؟.

دوای ئەوەی پێشەوا الألبانی رحمه الله هەندێك گفتوگۆ لەگەڵ پرسیارکەرەکە دەکات پێی دەڵێت : نحن نريد ننظر إلى العملة الورقية ، هي في الأصل ليس لها قيمة ذاتية كما نقول دائماً ، إنما قيمتها اعتبارية بما هو مفروض أنه مُدَّخر لها من الذهب.

ونحن نعرف من الشرع أنه إذا اختلفت الأصناف جاز التَفَاضُل فيها ، فإذا كانت العملة المعدنية كما ذكرت آنفاً هي من المعدن ، فلا أرى مانعاً في الصورة التي سألت عنها[1].

واتە : ئێمە دەمانەوێت سەیری دراوە کاغەزییەکە بکەین ، لە بنەڕەتدا بەهای لە خودی خۆیدا نییە وەك زۆر جار ئەوەمان وتووە ، بەڵکو بەهاکەی ئیعتبارییە بە هۆی ئەو زێڕەوەیە کە دەبێت بۆی پاشەکەوتکرابێت .

(١) . (سلسلة الهدى والنور) .

ئێمە لە شەریعەتەوە ئەوە دەزانین کە ئەگەر ڕەگەزەکان جیاوازبوو دروستە بە کەم وزیاد بفرۆشرێن ، ئەگەر دراوی کانزایی لە کانزابێت وەك پێشتر باستکرد ، ئەوا هیچ ڕێگرییەك نابینم لەو شێوازە گۆڕینەوەی کە پرسیارت دەربارەی کرد .

دانەوەی قەرز بە دراوێکی جیاواز

قەرزدان بە موسڵمانان وکار بۆ ئاسان کردنیان خێر وپاداشتی تایبەتی لە ئیسلامدا بۆ دیاریکراوە :

عن ابن مسعود رضي الله عنه أن النبي ﷺ قال : ((إن السلف يجري مجرى شطر الصدقة))[١].

واتە : قەرزدان وەك بەخشینی نیوەی ئەو بڕەیە کە دەدرێت بە قەرز ، بۆ نمونە : ئەگەر کەسێك : (١٠٠) هەزار دینار بەقەرز بدات بە کەسێکی تر وەك ئەوە وایە (٥٠) هەزاری بە خێر پێدابێت .

وعن أيضاً رضي الله عنه أن النبي ﷺ قال : ((كل قرض صدقة))[٢] .

---

(١). رواه أحمد وصححه الألباني في "الصحيحة"(١٥٥٣).

(٢). رواه الطبراني بإسناد والبيهقي وحسنه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٨٩٩).

واتە : هەموو قەرزێك خێرە وچاکەیە .

وعن أبي أمامة ﷺ عن النبي ﷺ قال : ((دخل رجل الجنة فرأى مكتوبا على بابها الصدقة بعشر أمثالها والقرض بثمانية عشر))[1] .

واتە : پیاوێك ڕۆیشتە بەهەشتەوە بینی لەسەر دەرگاکەی نوسراوە چاکە پاداشتەکەی دەیەکە ، بەڵام قەرز یەك بە هەژدەیە .

ئەمانە وچەندان فەرموودەی تر لە فەزڵ وخێری قەرزدان ویارمەتیدانی موسڵماناندا هاتووە ، بەڵام ئایا ئاساییە ئەو کەسەی قەرز بە دۆلاری ئەمریکی دەکات بە دیناری عێراقی بیداتەوە :

(١). رواه الطبراني والبيهقي وحسنه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" .

سئل العلامة ابن باز رحمه الله : اقترضت من صديق مبلغًا من المال بالدولار ، هل يجوز سداد هذا المبلغ بما يساويه من عملة أخرى كالريال اليمني مثلًا ، أو الجنيه ؟ .

فأجاب : نعم لا بأس أن يكون الإنسان اقترض عملة ثم يسددها بعملة أخرى بالتراضي ، إذا رضي صاحب العملة الأولى أن يأخذ عنها عملة أخرى فلا حرج في ذلك ، يدًا بيد من غير تأخير ، فقد ثبت عن رسول الله ﷺ أنه قيل له : يا رسول الله ! إنا نبيع بالدراهم ونأخذ الدنانير ، ونبيع بالدنانير ونأخذ الدراهم ؟ فقال عليه الصلاة والسلام : لا بأس أن تأخذها بسعر يومها ما لم تفترقا وبينكما شيء .

فإذا اقترضت مثلًا مائة دولار، وأعطيت صاحبها عنها عملة أخرى ، كالريال السعودي أو اليمني ، أو الدينار الأردني أو العراقي ؛ يدًا بيد ، بحسب القيمة ، فلا بأس بذلك ، أو زدته زيادة على ذلك ؛ لأنك تراه محسنًا إليك ، زدته على ذلك ، فلا بأس ، لقوله ﷺ : إن خيار الناس أحسنهم قضاء ، وهكذا لو باع عليك سيارة بعشرة

آلاف –مثلًا– دولار ، ثم أعطيته عنها ما يقابلها من دنانير أو الريال السعودي أو اليمني ، أو ما أشبه ذلك من العمل الأخرى ؛ فلا بأس ، لكن بشرط التقابض في المجلس ، وأن لا تتفرقا وبينكما شيء ، وأن تعطيه إياها بسعر يومها ، حين المعاوضة[(١)] .

واتە : بڕێك پارەم قەرزكرد لە برادەرێكم بە دۆلار ، ئایا دروستە بەهاكەی بە دراوێكی تر بدەمەوە بە خاوەنەكەی وەك ریالی یەمەنی یان جونیە ؟ .

لەوەلامدا وتی : بەڵێ ئاساییە كەسێك قەرز بە دراوێك بكات وبەدراوێكی تر بیداتەوە ئەگەر هەردوولا ڕازیبن لەسەری ، ئەگەر خاوەنی پارەكە ڕازیببێت ئەو بڕە پارەی كە داویەتی بەقەرز بە دراوێكی تر وەریبگرێتەوە ئاساییە ، ئەگەر دەست بەدەستبێت بەبێ دواخستن ، جێگیربووە لە

---

(١) . (موقع العلامة ابن باز).

پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم کە پرسیاری لێکراوە : ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە بەدرهەم شت دەفرۆشین وبە دینار وەریدەگرینەوە ، وە بە دینار دەفرۆشین وبە درهەم وەریدەگرینەوە ، پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم فەرمووی : ئاساییە بە نرخی ڕۆژ وەرییبگرێت بەمەرجێك پێش ئەوەی جیاببنەوە هیچتان لەسەر یەکتر نەمابێتەوە .

ئەگەر بۆ نمونە (١٠٠)دۆلارت قەرز کرد لە بری ئەوە ریالی سعودی یان یەمەنی یان دیناری ئوردنی یان عێراقیت بۆ گەڕاندەوە دەست بەدەست بە ئەندازە بەهاکەی ئاساییە ، یان لەوە زیاترت پێدا لەبەر ئەوەی دەبینی چاکەی لەگەڵ کردوویت ، ئەوە هیچی تێدا نییە ، لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێت : باشترین ئێوە ئەوانەتانن کە بە باشترین شێوە قەرزەکانیان دەدەنەوە ، وە هەروەها ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی پێفرۆشتیت بە

(١٠,٠٠٠) دۆلار بۆ نمونە ، پاشان ریالی سعودی یان یەمەنی یان هەر دراوێکی ترت بۆ گەڕاندەوە ئاساییە ، بەڵام بەمەرجی ئەوەی پێش ئەوەی لێك جیاببنەوە هەموویت بژاردبێت وبەنرخی ئەو ڕۆژەبێت کە قەرزەکەی دەدەیتەوە .

وسئل "علماء اللجنة الدائمة للافتاء" : " تسلفت دراهم من إنسان (عملة فرنسية) على أن أرجعها له في فرنسا ولكن لما جاء إلى الجزائر طلب مني أن أعطيه دراهم جزائرية بالزيادة ، ما الحكم في ذلك؟.

فأجابوا : يجوز أن تسددها له في الجزائر بمثلها عملة فرنسية أو بقدر صرفها يوم السداد من العملة الجزائرية ، مع القبض قبل التفرق [١].

واتە : پرسیارکرا لە زانایانی لیژنەی هەمیشەی فەتوا : بڕێ پارەم قەرزکرد لە مرۆڤێك بە دراوی فەرەنسی ، بەو مەرجەی لە فەرەنسا بۆی بگەڕێنمەوە ، بەڵام کاتێك هات بۆ

(١) . "فتاوى اللجنة الدائمة" (١٤/١٤٣) .

جەزائر داوای لێکردم درهەمی جەزائری بدەمەوە بە زیادەوە ، حوکمی ئەوە چییە ؟.

لەوەڵامدا وتیان : دروستە لە جەزائر چەندە دراوی فەرەنسی پێداویت ئەوەندەی بدەیتەوە ، یان بەهاکەی چەندە بە دراوی جەزائری لەو ڕۆژەدا ئەوەندەی بدەیتەوە ، بەڵام بەومەرجەی لەیەکی وەربگرن پێش جیابوونەوە .

وسئلوا أيضا : ما حكم الاقتراض بعملة ثم سداد الدين بعد عدة شهور بعملة أخرى ، وقد يكون هناك اختلاف في سعر العملة خلال مدة الدين ؟ .

فأجابوا : إذا اقترض شخص عملة دون أن يشرط عليه فائدة ، أو رَدَّ عملة أخرى بقيمتها وقت السداد دون أن يشرط عليه ما فيه جر

نفع للمقرض جاز ذلك ؛ لما فيه من التعاون بين المسلمين وقضاء حوائجهم [(١)].

وە دیسان پرسیاریان لێکرا حوکمی ئەوە چییە کە بە دراوێك قەرز بکەیت پاشان قەرزەکە بدەیتەوە پاش چەند مانگێك بە دراوێکی تر ، دەشێت لەو ماوەیەدا بەهای دراوەکە جیاوازبێت ؟ .

لەوەڵامدا وتیان : ئەگەر کەسێك دراوێکی قەرزکرد بەبێ ئەوەی مەرجی زیادە دانەوەی لەسەر دابنێت ، یان بە دراوێکی تر قەرزەکەی دایەوە بە نرخی ئەو ڕۆژە بەبێ ئەوەی مەرجی ئەوەی تێدابێت کە سودێك بە قەرزدەرەکە بگەیەنێت دروستە ، چونکە ئەوە هاوکاری موسڵمانان وڕاییکردنی پێداویستیەکانیانە .

---

(١) . "فتاوى اللجنة الدائمة" (١٤/١٤٤).

وە دەبێت ئەوە بزانین کە لە بنەڕەتدا قەرزدان لە ئیسلامدا کارێکی ویستراوە ویارمەتیدانی وهاوکاریکردنی موسڵمانانە لە نێوان یەکدا ، وە دەبێت بە چ دراوێك وچ بڕێك قەرزەکەت کردووە وبەو بڕ ودراوە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنرێتەوە ، بەڵام ئەگەر بە دراوێکی تر قەرزەکە بژێردرا ئاساییە ئەگەر بەم سیٚ شێوازە نەبێت :

یەکەم : نابێت هەردوولا ڕێك بکەون لە سەرەتاوە کە لە کاتی بژاردندا بە دراوێکی تر قەرزارەکە ئەو قەرزە ببژێردرێت ، چونکە ئەوە لە ڕاستیدا صرفی دراوێکە بە دراوێکی تر کە دەبێت دەست بەدەست ئەو کردارە ئەنجام بدرێت ، ئەگەر دواکەوت دەبێتە ڕیبای دواخستن ، عن عبادة بن الصامت ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ : (الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ ،

وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلا بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ)[١].

وە وەك سەرەتا لە فەتوای زانایانەوە ئەوەمان سەلماند كە ئەم دراوە نەختێنانەی ئەم سەردەمە هەموو ئەو حوكمانەی لە ئیسلامدا بۆ زێڕ وزیو هاتوون دەیانگرێتەوە ، كەواتە نابێت لەسەرەتای كرداری قەرزكردنەكەوە ڕێكبكەون كە ئەو ڕۆژەی قەرزارەكە قەرزەكە دەگێڕێتەوە بە دراوێكی جیاواز قەرزی خاوەنەكەی بداتەوە ، بەڵام ئەگەر بەبێ ڕێكەوتن ڕۆژی دانەوەی قەرزەكە بە نرخی ئەو ڕۆژە وبەڕەزامەندی هەردوولا دراوێكی جیاوازی بۆ گەڕاندەوە ئاساییە .

دووەم : نابێت لە سەرەتاوە ڕێكبكەون لەسەر ئەوەی كە ئێستا بۆ نمونە (١٠٠) دۆلاری پێبدات بەقەرز وبڵێت ئەوە (١٢٠)هەزار دیناری عێراقی قەرزاریت ، چونكە ئەم

(١). رواه مسلم .

شێوازەش هاوشێوەی ئەوەی پێشووە کرداری صەرفکردنە لەگەڵ دواخستن وە زانایان ئەو فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە لە ئیبن عمرەوە ﷺ کە دەفەرموێت : (كُنْتُ أَبِيعُ الْإِبِلَ بِالدَّنَانِيرِ [أي مؤجلا] وَآخُذُ الدَّرَاهِمَ ، وَأَبِيعُ بِالدَّرَاهِمِ وَآخُذُ الدَّنَانِيرَ ، فسألت رسول الله ﷺ عن ذلك فقال : ((لَا بَأْسَ أَنْ تَأْخُذَهَا بِسِعْرِ يَوْمِهَا مَا لَمْ تَفْتَرِقَا وَبَيْنَكُمَا شَيْءٌ))[1] .

واتە : من حوشترم دەفرۆشت بە دیناری زێڕ بە قەرز وە درهەمی زیوم وەردەگرتەوە ، وە دەمفرۆشت بە درهەمی زیو دیناری زێڕم وەردەگرتەوە ، پرسیارم لە پێغەمبەری خوداکرد دەربارەی ئەوە ، فەرمووی : ئاساییە ئەگەر بە

---

(١) . رواه أحمد (٦٢٣٩) وأبو داود (٣٣٥٤) والنسائي (٤٥٨٢) والترمذي (١٢٤٢) وابن ماجه (٢٢٦٢) عَنْ ابْنِ عُمَرَ ﷺ ، والحديث صححه بعض العلماء كالنووي ، وأحمد شاكر ، وصححه آخرون من قول ابن عمر ، لا من قول النبي ﷺ منهم الحافظ ابن حجر والألباني في "إرواء الغليل" (١٧٣/٥).

نرخی ڕۆژ وەربگریت وە لەیەك جیانەبنەوە وهیچ لە نێوانتاندا مابێتەوە .

وقال الإمام الشوكاني رحمه الله : قَوْلُهُ : (مَا لَمْ تَفْتَرِقَا ، وَبَيْنَكُمَا شَيْءٌ) فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ جَوَازَ الِاسْتِبْدَالِ مُقَيَّدٌ بِالتَّقَابُضِ فِي الْمَجْلِسِ ؛ لِأَنَّ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ مَالَانِ رِبَوِيَّانِ ، فَلَا يَجُوزُ بَيْعُ أَحَدِهِمَا بِالْآخَرِ إلَّا بِشَرْطِ وُقُوعِ التَّقَابُضِ فِي الْمَجْلِسِ ، وَهُوَ مَحْكِيٌّ عَنْ عُمَرَ وَابْنِهِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا وَالْحَسَنِ وَالْحَكَمِ وَطَاوُسٍ وَالزُّهْرِيِّ وَمَالِكٍ وَالشَّافِعِيِّ وَأَبِي حَنِيفَةَ وَالثَّوْرِيِّ وَالْأَوْزَاعِيِّ وَأَحْمَدَ وَغَيْرِهِمْ ، وَرُوِيَ عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ وَابْنِ عَبَّاسٍ وَسَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ ، وَهُوَ أَحَدُ قَوْلَيْ الشَّافِعِيِّ أَنَّهُ مَكْرُوهٌ أَيْ : الِاسْتِبْدَالُ الْمَذْكُورُ ، وَالْحَدِيثُ يَرُدُّ عَلَيْهِمْ وَاخْتَلَفَ الْأَوَّلُونَ ، فَمِنْهُمْ مَنْ قَالَ : يُشْتَرَطُ أَنْ يَكُونَ بِسِعْرِ يَوْمِهَا كَمَا وَقَعَ فِي الْحَدِيثِ وَهُوَ مَذْهَبُ أَحْمَدَ وَقَالَ أَبُو حَنِيفَةَ وَالشَّافِعِيُّ : إنَّهُ يَجُوزُ بِسِعْرِ يَوْمِهَا وَأَغْلَى وَأَرْخَصُ ، وَهُوَ خِلَافُ مَا فِي الْحَدِيثِ مِنْ قَوْلِهِ : (بِسِعْرِ يَوْمِهَا) وَهُوَ أَخَصُّ مِنْ حَدِيثِ : ((إذَا

اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الْأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ)) ، فَيُبْنَى الْعَامُّ عَلَى الْخَاصِّ (١) .

واتە : ئەوەی کە دەفەرموێت : (جیانەبنەوە وشتێك لە نێوانتاندا مابێتەوە) بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دروستی گۆڕینەوە بەستراوەتەوە بەدەست بەدەست ووەرگرتنی لە کۆبونەوەکەدا ، چونکە زێڕ وزیو دوو سامانن ڕیبایان تێدا دروست دەبێت ، دروست نییە یەکێکیان بە ئەویتریان بفرۆشرێت بە مەرجی دەست بەدەست نەبێت لە کۆبونەوەکەدا ، بەو شێوەیە گێڕدراوەتەوە لە عمر وعبداللەی کوڕی رضی اللّٰه عنهما وە هەروەها لە الحسن والحكم وطاوس والزهری ومالك والشافعی وأبوحنیفە والپوری والأوزاعی وأحمد جگە لەوانیش ، وە

(١) . (نيل الأوطار)(٣/ ٤٦٤).

گێڕدراوەتەوە لە ئیبن مسعود وئیبن عباس وسعیدی کوڕی المسیب کە ئەوەش یەکێکە لە وتەکانی الشافعی : ئەو گۆڕینەوەی باسکرا دەڵێن مەکروهە ، فەرموودە ڕەدە لەسەریان ، وە ئەوانەی یەکەمیش ناکۆکن هەیانە دەڵێن : دەبێت بە نرخی ڕۆژبێت وەك لە فەرموودەکە هاتووە کە ئەوە مەزهەبی أحمدە ، وە أبوحنیفە والشافعی دەڵێن : دروستە بە نرخی ڕۆژ یان هەرزانتر یان گرانتربێت ، ئەوەش پێچەوانەی ئەوەیە لە فەرموودەکە هاتووە کە دەفەرموێت : (بە نرخی ڕۆژ) ، کە ئەمە تایبەتترە لەو فەرموودەی کە دەفەرموێت : ئەگەر ئەم ڕەگەزە ڕیبەویانە جیاوازبوون بیفرۆشن چۆن ویستتان ئەگەر دەست بەدەست بوو ، کە وابوو شتە گشتگیرەکە وابەستە دەکرێتەوە بە شتە تایبەتەکەوە .

وە دەڵێن هۆکارێکی تر هەیە بۆ حەرام بوونی ئەم جۆرە قەرزە ئەویش زیاتر وەربگرێت لەو ڕۆژەی کە بڕیارە قەرزەکە بدرێتەوە ، ئەوە قازانجێکت کردووە کە نەچووەتە زەماننتەوە ، چونکە ((نهی النبي ﷺ عن ربح ما لم يضمن))[١] ، واتە : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم یاساغی ئەو قازانجەی یکردووە کە نەچوبێتە زەمانەتی خاوەنەکەیەوە .

سێیەم : ڕۆژی دانەوەی قەرزەکە ڕێك بکەون کە بە دراوێکی تر قەرزەکە ببژێردرێت ، بەڵام جیاببنەوە بڕێك لەقەرزەکە لە ئەستۆی قەرزارەکە بمێنێتەوە ، بۆ نمونە کەسێك (٥٠٠) دۆلار قەرزبکات بۆ دوو مانگ ، دوای دوو مانگەکە قەرزارەکە لەگەڵ خاوەن قەرزەکە ڕێك بکەون کە بە دیناری عێراقی قەرزەکەی بداتەوە کە دەکات (٦٠٠) هەزار

---

(١) . رواه أصحاب السنن وحسنه الألباني .

دیناری عێراقی بە نرخی ڕۆژ گریمان ، بەڵام هەموو قەرزەکە نەداتەوە وبڵێت ئەوە (٣٠٠)هەزار دینارە ئەوەی کەماوەتەوە (٣٠٠)هەزار دیناری عێراقییە کاتێکی تر بۆتی دەهێنمەوە ، ئەم شێوازەش دەبێتە صرف ونابێت لێك جیابنەوە تاوەکو هەموو لە ئەستۆی قەرزارەکەیە خاوەن قەرزەکە لێی وەردەگرێت .

بەڵام ئەگەر هەمان ئەو شێوازە هەموو پارەکەی کە قەرزارەکە لەسەریەتی کە بڕی (٥٠٠) دۆلارە صەرفی نەکات وبیگۆڕێتە دیناری عێراقی ئاساییە ئەگەر ، بڵێت ئەوە (٣٠٠) هەزار دیناری عێراقیە کە دەکاتە (٢٥٠) دۆلار بە نرخی ڕۆژ ونیوەی قەرزەکە دابشکێنە ، ئەوەی کە لەسەرم دەمێنێتەوە (٢٥٠) دۆلارە کاتێکی تر بۆتی دەهێنمەوە ئاساییە ، چونکە تەنها ئەو ئەندازەیەی صەرفکرد کە

بژاردی بەڵام ئەوەی کە لە ئەستۆدا ماوەتەوە صەرفنەکراوە بە هەمان دراو کەسەرەتا قەرزیکردبوو ماوەتەوە .

نمونەیەکی تر بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە ئەگەر کەسێك (١٠٠٠) دۆلار قەرزار بوو ، قەرزارەکە پێویست بوو لەسەری بە قیست مانگانە مانگی (١٠٠) دۆلار بداتەوە ، ئاساییە ئەگەر دیناری عێراقی یان هەردراوێکی لەبری ئەو (١٠٠) دۆلارە بدات بەنرخی ڕۆژ ، ئەوەی کە لەسەری ماوەتە بە دۆلار بمێنێتەوە .

قال الخطابي رحمه الله : وَاشْتُرِطَ أَنْ لَا يَتَفَرَّقَا وَبَيْنهمَا شَيْء لِأَنَّ اِقْتِضَاء الدَّرَاهِم مِنْ الدَّنَانِير صَرْف ، وَعَقْد الصَّرْف لَا يَصِحّ إِلَّا بِالتَّقَابُضِ[1] .

---

(١) . (عون المعبود)(٩/ ١٤٦).

واتە : کراوەتە مەرج کە نابێت جیاببنەوە ولە نێوانیاندا هیچ بمێنێتەوە ، چونکە بژاردنی درهەم لە بری دینار صەرفکردنە ، وە گرێبەستی صرفکردن دروست نییە بە دەست بە دەست نەبێت .

دابەزینی نرخی دراو نەختێنەکان

لە کاتی دانەوەی قەرز

ئەم دراوانەی ئێستا کڕین وفرۆشتنیان پێوە دەکرێت نوێن ولە کۆندا کڕین وفرۆشتن وقەرزدان بە دینار ودرهەمی زێڕ وزیوبووە یان کالاَ وبەربوومەکانیان قەرز کردووە ، ئەگەر کەسێك بڕێك زێڕ یان زیو یان کالاَیەك یان بەروبوومێکی قەرزکرد پێویستە لەسەری هەمان ئەو بڕو وئەندازەیە لە زێڕ وزیو یان ئەو کالاَ وبەروبوومە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە ئەگەر کاتێکی زۆریش بەسەر ئەو قەرزکردنەدا تێپەڕبێت نرخەکانیشیان بەرز ونزمیان کردبێت ، چونکە زێڕ وزیو بەهای ڕاستەقینەیان لە خودی خۆیاندایە وهەرگیز بە هاکانیان لە دەست نادەن ،

ئەگەرچی لەم سەردەمانەی دواییدا زیو ئەو بەهایەی جارانی نەماوە بەڵام بۆ كەسی قەرزار پێویستە لەسەری ئەوەی قەرزی كردووە بە زێڕ یان بە زیو یان كاڵا یان بەروبوومێك وەكو خۆی بۆ خاوەنەكەی بگێڕێتەوە .

قال ابن قدامة رحمه الله : الْمُسْتَقْرِضَ يَرُدُّ الْمِثْلَ فِي الْمِثْلِيَّاتِ ، سَوَاءٌ رَخُصَ سِعْرُهُ أَوْ غَلَا ، أَوْ كَانَ بِحَالِهِ ، وَلَوْ كَانَ مَا أَقْرَضَهُ مَوْجُودًا بِعَيْنِهِ ، فَرَدَّهُ مِنْ غَيْرِ عَيْبٍ يَحْدُثُ فِيهِ ، لَزِمَ قَبُولُهُ ، سَوَاءٌ تَغَيَّرَ سِعْرُهُ أَوْ لَمْ يَتَغَيَّرْ ، وَإِنْ حَدَثَ بِهِ عَيْبٌ ، لَمْ يَلْزَمْهُ قَبُولُهُ[١] .

وقال أيضاً : وَيَجِبُ رَدُّ الْمِثْلِ فِي الْمَكِيلِ وَالْمَوْزُونِ ، لَا نَعْلَمُ فِيهِ خِلَافًا ، قَالَ ابْنُ الْمُنْذِرِ : أَجْمَعَ كُلُّ مَنْ نَحْفَظُ عَنْهُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ ،

---

(١) . (المغني)(٤/٢٤٤) .

عَلَى أَنَّ مَنْ أَسْلَفَ سَلَفًا ، مِمَّا يَجُوزُ أَنْ يُسَلِّفَ ، فَرُدَّ عَلَيْهِ مِثْلُهُ ، أَنَّ ذَلِكَ جَائِزٌ وَأَنَّ لِلْمُسَلِّفِ أَخْذَ ذَلِكَ [١].

واتە : قەرزار ئەو شتەی هاوشێوەی هەیە هاوشێوەکەی دەگێڕێتەوە ، ئەگەر بەهاکەی دابەزیبێت یان گرانبووبێت یان وەکو خۆی مابێتەوە ، ئەگەر خودی ئەو شتەی قەرزی کردووە لای مابووە وە ، گەڕاندیەوە بەبێ ئەوەی عەیبێکی تێدا دروست بووبێت ، پێویستە لێی وەربگیرێتەوە ، ئەگەر بەهاکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت یان نا ، بەڵام ئەگەر عەیبێکی تێدا دروست بوو ، دەتوانێت وەرینەگرێتەوە .

دیسان دەڵێت : پێویستە هاوشێوەی ئەوشتانەی کە دەپێورێن یان دەکێشرێن بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەن قەرزەکان ، ناکۆکی لەو بارەوە نازانین ، ئیبن المنذر دەڵێت : هەموو

---

(١) . (المغني)(٤/ ٢٣٩).

ئەوانەی زانستیان لێوەردەگرین لە ئەهلی عیلم كۆڕان كە ئەگەر كەسێك شتێكی بەقەرز دا بە كەسێكی تر لەو شتانەی كە قەرزدەكرێت ، هاوشێوەكەیان بۆ گەڕاندەوە ، ئەوە دروستە وئەو كەسەی قەرزەكەی داوە دەتوانێت وەریبگرێت .

دراوە نەختێنەكانی سەردەم بەهاكانیان لە خودی خۆیاندا نییە بەڵكو وابەستەی كۆمەڵە فاكتەرێكیترن كە لە گرنگترینیان بە هێزی باری ئابوری دەوڵەتە ، لەبەر ئەوە ئەگەرچی وەك باسكرا ئەم دراوانە هەموو ئەو حوكمانە دەیانگرێتەوە كە بۆ زێڕ وزیو هاتوون ، بەڵام ئەم دراوانە زۆرجار تووشی بەرزبوونەوە ونزمبوونەوەی بەهاكانیان دەبنەوە ، ئەگەر كەسێك بڕێك پارە قەرز بكات بەڵام لە كاتی گەڕانەوەی بۆ خاوەنەكەی نرخەكەی كەموزیادی كردبێت ،

ئایا چی پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە قەرزەکەی کردووە:

ئەگەر ئەو بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوە بڕێکی کەمبوو وکاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەهاکە بە جێنەهێشتبوو ئەوا پێویستە ئەو بڕەی کە قەرزکراوە تەنها ئەو بڕە بۆ خاوەن قەرزەکە بگێڕدرێتەوە ، بۆنمونە کەسێك (١٠٠) دۆلاری ئەمریکی قەرز دەکات بۆ ساڵێك ئێستا کە قەرزەکە دەکات نرخەکەی (١٢٠) هەزاردیناری عێراقیە ، بەڵام دوای ساڵەکە کە قەرزارەکە قەرزەکە دەگەڕێنێتەوە نرخەکەی کەمێك بەرزبووتەوە وبووتە (١٢٥)هەزار دیناری عێراقی ، لەم کاتەدا پێوستە لەسەر قەرزارەکە تەنها (١٠٠) دۆلارەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە یان بەهاکەی بە نرخی ڕۆژ بە دیناری عێراقی لەو ڕۆژەی کە قەرزەکە دەداتەوە ونابێت خاوەن قەرزەکە داوای هیچ زیادەیەکی لێ بکات لەبەر

ئەوەی بەهای دۆلار لەو کاتەی قەرزەکەی داوە ئەندازەیەك بەرز بووەتەوە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بەهاکەی بەجێنەهێشتووە .

بەڵام ئەگەر بەهای ئەو دراوەی کە قەرزکراوە بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی ئایا چی پێویستە لەسەر قەرزارەکە ، زانایان ناکۆکن لەو بارەیەوە :

کۆمەڵێکیان ڕەئیان وایە لە هەموو حاڵەتێکدا تەنها ئەوەی کە قەرزی کردووە پێویستە هەر ئەو بڕ وئەندازەیە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەگەر بەهاکەی زۆر بەرزبووبێتەوە یان زۆر دابەزیبێت ، کە ئەمە ڕەئی زۆرینەی زانایانە .

قال مُحَمَّد عليش رحمه الله : (وَإِنْ بَطَلَتْ فُلُوسٌ) أَيْ النُّحَاسُ الْمَسْكُوكُ الَّذِي يُتَعَامَلُ بِهِ ، وَمَعْنَى بُطْلَانِهَا تَرْكُ التَّعَامُلِ بِهَا بَعْدَ تَرَتُّبِهَا فِي ذِمَّةِ شَخْصٍ بِقَرْضٍ أَوْ بَيْعٍ وَمِثْلُهَا الدَّنَانِيرُ وَالدَّرَاهِمُ فِي

التَّلْقِينِ ، وَمَنْ ابْتَاعَ بِنَقْدٍ أَوْ اقْتَرَضَهُ ثُمَّ بَطَلَ التَّعَامُلُ بِهِ لَمْ يَكُنْ عَلَيْهِ غَيْرُهُ وُجِدَ ، وَإِلَّا فَقِيمَتُهُ إنْ فُقِدَ [١].

واتە : ئەگەر فلس پوچەڵکرایەوە : واتە ئەو مسەی کە کراوەتە سکەی دراو کڕین وفرۆشتنی پێوە دەکرێت ، مانای پووچەڵکردنەوە ئەوەیە ئیدی کڕین وفرۆشتنی پێوە نەکرێت ، دوای ئەوەی کەسێك قەرزار دەبێت بەو جۆرە دراوە یان بە هۆی کڕینی کاڵاوە قەرزی دەکەوێتەسەر وە هەروەها دینار ودرهەمیش وەك لە (التلقين)دا هاتووە ، ئەگەر کەسێك کاڵایەك بکڕێت بە دراوێك یان قەرز بکات پاشان پووچەڵکرایەوە تەنها ئەوەی لەسەرە کە بەقەرز لەسەریەتی گەر دەستکەوت ، ئەگەرنا بەهاکەی دەدات ئەگەر دەست نەکەوت .

(١) . (منح الجليل) (١٠/ ٥٩) .

وقال الزرقاني رحمه الله : وإن بطلت فلوس ترتبت لشخص على آخر أي قطع التعامل بها بالكلية ، وأولى تغيرها بزيادة أو نقص ، مع بقاء عينها ، فالمثل على من ترتبت في ذمته قبل قطع التعامل بها ، أو التغير، ولو كانت حين العقد مائة بدرهم ، ثم صارت ألفًا به ، كما في المدونة [(١)].

واتە : ئەگەر کەسێك فلس قەرزار بوو پوچەڵکرایەوە وە بەهیچ شێوەیەك کڕین وفرۆشتنی پێوەنەکرا ، وە هەروەها ئەگەر بەهاکەی زیادیکرد یان دابەزی ، لەگەڵ مانەوەی خودی دراوەکە ، ئەوا هاوشێوەی ئەو دراوە لەسەر ئەو کەسە پێویستە کە قەرزارە پێش ئەوەی پوچەڵبکرێتەوە یان گۆڕانی بەسەردابێت ، ئەگەر کاتی گرێبەستەکە (١٠٠)

(١) . (الشرح الكبير)(٣/٤٥) .

فلس بە یەك درهەم بوو ، پاشان (١٠٠٠) فلس بوو بە درهەمێك ، وەك چۆن لە "المدونة" دا هاتووە .

وقال مُحَمَّد عليش رحمه الله : إِنْ بِعْته سِلْعَةً بِفُلُوسٍ إلَى أَجَلٍ فَإِنَّمَا لَك مِثْلُ هَذِهِ الْفُلُوسِ يَوْمَ الْبَيْعِ وَلَا يُلْتَفَتُ لِكَسَادِهَا ، وَكَذَلِكَ إنْ أَقْرَضْته دَرَاهِمَ فُلُوسًا وَهِيَ يَوْمَئِذٍ مِائَةُ فَلْسٍ بِدِرْهَمٍ ثُمَّ صَارَتْ مِائَتَيْ فَلْسٍ بِدِرْهَمٍ فَإِنَّمَا يَرُدُّ إلَيْك مِثْلَ مَا أَخَذَ لَا غَيْرَ ذَلِكَ[1] .

واتە : ئەگەر کاڵایەکت فرۆشت بە فلس بە قەرز بۆ ماوەیەك ، تەنها ئەو فلسانەت بۆ هەیە بە بەهای ڕۆژی فرۆشتنەکەی ولا ناکرێتەوە لە دابەزینی بە هاکەی ، وە هەروەها ئەگەر فلست دا بەقەرز ئەمڕۆ (١٠٠) فلس بە درهەمێك بوو پاشان (٢٠٠) فلس بوو بە درهەمێك ، ئەوا تەنها ئەوەت بۆ دەگەڕێنرێتەوە کە لێت قەرزکراوە وهیچی تر .

---

(١) . (منح الجليل)(٤/ ٥٣٢) .

وقال السيوطي رحمه الله : يبيع برطل فلوس فهذا ليس له إلا رطل زاد سعره أم نقص سواء كان عند البيع وزنا فجعل عددا أم عكسه وكذا لو باع باقية فضة أو عشرة أنصاف وهي خمسة دراهم أو دنانير ذهب ثم تغير السعر فليس إلا الوزن الذي سمى[1] .

واتە : ئەگەر فلسی بە ڕەتڵ فرۆشت " كە یەكەیەكی پێوانەیە" ئەمە لە كاتی وەرگرتنەوەی مافەكەی تەنها دەبێت ڕەتڵ وەربگرێت ، نرخەكەی زیادی كردبێت یان كەمیكردبێت ، ئەگەر لە كاتی فرۆشتن بە كێشانە بوو وە كردی بەدانە ، یان پێچەوانەی كردەوە ، وە هەروەها زیوی بە ئوقیە یان دە نیوە كە دەكاتە پێنج درهەم یان دیناری زێڕ فرۆشت پاشان نرخەكەی گۆڕا ئەوە تەنها ئەو بڕە كێشەی بۆ هەیە كە ناوی هێناوە .

---

(١) . (الحاوي للفتاوي) (١/ ١١٤).

وقال ابن قدامة رحمه الله : وَأَمَّا رُخْصُ السِّعْرِ فَلَا يَمْنَعُ رَدَّهَا ، سَوَاءٌ كَانَ كَثِيرًا ، مِثْلَ إنْ كَانَتْ عَشَرَةً بِدَانِقٍ ، فَصَارَتْ عِشْرِينَ بِدَانِقٍ ، أَوْ قَلِيلًا ؛ لِأَنَّهُ لَمْ يَحْدُثْ فِيهَا شَيْءٌ ، إنَّمَا تَغَيَّرَ السِّعْرُ ، فَأَشْبَهَ الْحِنْطَةَ إذَا رَخُصَتْ أَوْ غَلَتْ (١).

واتە : دابەزینی نرخەکە نابێتە ڕێگر لە گەڕاندنەوەی ، ئەگەر ئەو دابەزینە زۆربێت ، وەك ئەوەی (١٠) بە دانقێك بێت پاشان (٢٠) بێتە دانقێك ، یان کەمبێت ، چونکە هیچی تێدا ڕوونەداوە ، بەڵکو تەنها نرخەکەی گۆڕاوە ، هاوشێوەی گەنمە کە نرخەکە دابەزێت یان بەرزبێتەوە .

پرسیارکرا لە " اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء" :

عندما يقترض شخص مبلغا من المال ، وليكن (١٠٠ جنيه) على أن يسدد القيمة بعد سنوات من الاقتراض (١٠٠ جنيه) هل يوجد ربا

---

(١) . (المغني)(٤/٢٤٤).

ضمني في هذه العملية ؟ لأن القيمة الشرائية (السوقية) للجنيه تقل بمرور الزمن عليها.

فأجابت : يجب على المقترض أن يدفع الجنيهات التي اقترضها وقت طلب صاحبها ولا أثر لاختلاف القيمة الشرائية زادت أو نقصت [١].

واته : کەسێك بڕێك پارە قەرز دەکات بۆ نمونە (١٠٠جنيه) ، بەڵام کاتێك قەرزەکەی کە (١٠٠جنيه) دەیبژێرێت بەهای شت کڕینی دابەزیوە ، ئایا ئەم کردارە ڕیبای لە خۆگرتووە ؟.

لەوەمدا وتیان : پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە جنیەکانی قەرز کردووە هەمان ئەو بڕە پارە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی کە خاوەنەکەی داوای دەکات ، وە بەهای

(١) . [اللجنة الدائمة (١٤/ ١٨٤)] .

شتکڕین هیچ کاریگەرییەکی نابێت ئەگەر بەرزبووبێتەوە یان دابەزبێت .

وە پرسیارکرا لە شێخ عبد العزيز بن باز رحمه الله :

أقرضني أخي في الله (حسن) ألفي دينار تونسي ، وكتبنا عقدًا بذلك ، ذكرنا فيه قيمة المبلغ بالنقد الألماني ، وبعد مرور مدة القرض وهي سنة ارتفع ثمن النقد الألماني ، فأصبح إذا سلمته ما هو في العقد أكون أعطيته ثلاثمائة دينار تونسي زيادة على ما اقترضته ، فهل يجوز للمقرض أن يأخذ الزيادة ، أم تعتبر ربًا ؟ لاسيما وأنه يرغب في السداد بالنقد الألماني ؛ ليتمكن من شراء سيارة من ألمانيا.

الجواب: ليس للمقرض سوى المبلغ الذي أقرضك وهو ألفا دينار تونسي إلا أن تسمح بالزيادة فلا بأس ؛ لقول النبي ﷺ : ((إن خيار الناس أحسنهم قضاء)) رواه مسلم في صحيحه ، ورواه البخاري بلفظ: ((إن من خيار الناس أحسنهم قضاء)) ، أما العقد المذكور فلا عمل عليه ، ولا يلزم به شيء ؛ لكونه عقدًا غير شرعي ، وقد دلت

النصوص الشرعية على أنه لا يجوز بيع النقد بالنقد إلا بسعر المثل وقت التقاضي ، وأن لا يفترقا وبينهما شيء.

واتە : (حسن)ی لەبەر خودا برام (٢٠٠٠)دیناری تونسی پێدام بە قەرز وە بە گرێبەستێك تۆمارمان كردووە ، وە باسی ئەوەمان تێدا كردووە كە ئەو بڕە پارە تونسیە بە دراوی ئەڵمانی چەند دەكات ، دوای تێپەڕبوونی ماوەی قەرزەكە كە ساڵێك بوو نرخی دراوی ئەڵمانی بەرزبووەتەوە ، بەشێوەیەك ئەگەر ئەوەی لە گرێبەستەكەدا تۆماركراوە بیدەمەوە دەبێت (٣٠٠)دیناری تونسی زیاتری پێبدەم ، ئایا دروستە خاوەن قەرزەكە ئەو زیادەیە ببات ، یان ئەوە ڕیبایە ، ئەوە لەكاتێكدا كە خاوەن قەرزەكە حەزدەكات پارەكەی بە دراوی ئەڵمانی وەربگرێتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێت ئۆتۆمبێلێك لە ئەڵمانیا بكڕێت ؟ .

وەڵام : خاوەن قەرزەکە تەنها ئەو بڕەی دەکەوێت کە پێیداویت بەقەرز کە (٢٠٠٠) هەزار دیناری تونسیە مەگەر خۆت حەزبکەیت زیاتری بۆ بگەڕێنیتەوە ئەوکات ئەو زیادە ئاساییە ، لەبەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێت : باشترین خەڵك ئەوانەن کە بە باشترین شێوە قەرز بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕنەوە ، وە لە ڕیوایەتی بوخاریدا دەفەرموێت : لە باشترین خەڵك ئەو کەسانەن کە بە باشترین شێوە قەرز دەگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان ، ئەو گرێبەستەی کە باسکرا کردەوەی پێناکرێت ، وە هیچ بە هۆیەوە پێویست نابێت ، لەبەر ئەوەی گرێبەستێکی ناشەرعییە ، بەڵگە شەرعییەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە نابێت دراو بەدراو بفرۆشرێت بە نرخی هاوشێوەکانی نەبێت لەکاتی دانەوەی قەرزەکە ، وە دەبێت دەست بەدەست لەیەکی وەربگرن پێش جیابوونەوە.

وقال الشيخ ابن عثيمين رحمه الله : إذا بقيت العملة على ما هي عليه فليس للمقرض إلا هذه العملة سواء زادت أم نقصت ، وأقول لك : لو فرض أن العملة زادت أفلا يطالب المقرض المقترض بها ؟ نعم يطالبه بها ، مع أنها قد تكون زادت أضعافاً مضاعفة ، وكذلك لو أقرضه صاعاً من البر قبل سنوات وكان الصاع يساوي خمسة ريالات ثم نزل إلى ريالين مثلاً فهل يقول أعطه الصاع وأعطه ثلاثة ريالات ، لا ليس له إلا الصاع ، فالأشياء المثلية لا يلزم فيها إلا رد المثل [(١)].

واتە : ئەگەر دراو وەك خۆی مایەوە وپوچەڵ نەكرایەوە ، ئەوكاتە خاوەن قەرز تەنها ئەو دراوەی بۆ هەیە ئەگەر نرخەكەی زیادی كردبێت یان كەم ، دەڵێم : گریمان دراوەكە نرخەكەی زیادی كردووە ئایا خاوەن قەرز داوای ناكات لە قەرزارەكەی ؟ بەڵێ داوای دەكات ، ئەوە لە

(١) . (لقاء الباب المفتوح)(٥/ ٣١).

کاتێکدا لەوانەیە چەند هێندە زیادی کردبێت ، ئەگەر پێش چەند ساڵێك ساعێك گەنمی بەقەرز پێدابێت ئەوکات ساعە گەنمەکە نرخەکەی (٥) ریال بووبێت ، پاشان نرخەکەی دابەزێت بۆ (٢) ریال بۆ نمونە ، ئایا دەگوترێت ساعە گەنمەکە و(٣) ریالی بۆ بگێڕەوە ، نەخێر تەنها ساعە گەنمەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ، ئەو شتانەی کە هاوشێوەیان هەیە لەکاتی بژاردنی قەرزدا تەنها هاوشێوەکانی دەگێڕنەوە .

بەڵام هەندێکی تر لە زانایان ڕەئیان وایە کە دەبێت ڕەچاوی توانای کڕین (القيمة الشرائية) بکرێت ، ئەگەر لە کاتی دانەوەی قەرزدا بەهای دراوەکانی زۆر دابەزیبێت لە دادگەری ئیسلامە کە قەرەبووی بۆ بکرێتەوە .

پرسیار کرا لە زانای ناودار الألبانی رحمە الله : مسألة القرض ، اقترض من إنسان بالدينار، فاشترط عليه أن يرده بالدولار، فهل هذا الشرط صحيح ؟

الجواب: لا ، لأنه قد يرتفع وينخفض ، وإنما يرد له الدينار بقوته الشرائية يوم استقرضه .

السائل : ممكن هذا ؟

الشيخ : تقصد واقعيا أم شرعيا ؟

السائل: شرعيا.

الشيخ: هذا الواجب ، كيف لا ؟! : ((خيركم خيركم قضاء ، وأنا خيركم قضاء)) .

لو أنك أقرضتني مائة دينار قبل سنة ، واليوم المائة دينار تساوي خمسين دينارا ، الخمسون دينارا لا يشتري ما كنت أشتريه بالمائة دينار اليوم، من القمح والشعير واللبن والأشياء الضرورية من ضروريات الحياة ، فضلا عن غيرها ، فلا يجوز لي أن أكون شكليا ظاهريا ،

فأوفيك مائة دينار ، وأقول لك : يا أخي أنا هذا الذي استقرضته منك، وهذا هو أنقده لك نقدا.

السائل: إيش الضابط ؟

الشيخ: الضابط هنا : ((خيركم خيركم قضاء ، وأنا خيركم قضاء)) ، ((من أحسن لكم فكافئوه ، فإن لم تستطيعوا أن تكافئوه ، فادعوا له حتى تكافئوه)) .

فهذا الذي أقرضك مائة دينار ، أحسن لك أم أساء؟

السائل : أحسن

الشيخ : أحسن ، أنت لما وفيت له في وقت انخفاض قيمة الدينار أحسنت إليه أم أسأت ؟

نعم أسأت [١].

---

(١) . (سلسلة الهدى والنور)(٢٨٥).

واتە : پرسی قەرز ، قەرزیكردووە لە كەسێك بە دینار ، مەرجی لەسەر داناوە بە دۆلار بۆ بگەڕێنێتەوە ، ئایا ئەم مەرجە دروستە ؟

وەڵام : نەخێر ، چونكە لەوانەیە بەرزبێتەوە یان دابەزێت ، بەڵكو دیناری بۆ دەگێڕێتەوە بەو بەهای كڕینەی كە ڕۆژی قەرزپێدانەكە هەیبووە .

پرسیاركەر : ئەوە دەشێت ؟

شێخ : مەبەست شیانی واقعیە یان شەرعی ؟

پرسیاركەر : شەرعی .

شێخ : ئەوە پێویستە ، چونكە : باشترین ئێوە ئەوانەتانن كە بە باشترین شێوە قەرز بۆ خاوەنەكانیان دەگێڕنەوە ، وە من لە هەمووتان باشتر قەرز بۆ خاوەنەكانی دەگێڕمەوە .

ئەگەر تۆ (١٠٠)دینارت پێدابم بەقەرز پێش ساڵێك ، ئەمڕۆ ئەو (١٠٠)دینارە بەهاکەی دابەزیوە بۆ (٥٠)دینار ، وە ئەو (٥٠)دینارە ناتوانیت ئەوەی پێبکڕیت کە بەهای (١٠٠)دینارە ئەمڕۆ ، لە گەنم وجۆ وشیر وپێداویستیەکانی ژیان ، ئەوە سەرەڕای شتەکانی تر ، دروست نییە بۆ من سەیری ڕەواڵەت وڕوکاری شتەکان بکەم ، (١٠٠)دینارەکەت بۆ بگێڕمەوە وبڵێم برام ئەمە ئەو بڕە پارەیە کە لێم قەرز کردیت ، ئەوە وەکو خۆی بۆ گێڕایتەوە .

پرسیارکەر : ڕێسا چییە لەو پرسەدا ؟

شێخ : ڕێسا ئەوەیە : (باشترین ئێوە ئەوانەتانن کە بە باشترین شێوە قەرز بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕنەوە ، وە من لە هەمووتان باشتر قەرز بۆ خاوەنەکانی دەگێڕمەوە) وە (هەرکەس چاکەی لەگەڵکردن پاداشتی بدەنەوە ، ئەگەر

نەتانتوانی پاداشت بدەنەوە ، دوعای بۆ بکەن هەتا پاداشتی دەدەنەوە) .

ئەو کەسەی کە (١٠٠) دیناری پێداویت بەقەرز چاکەی لەگەڵ کردویت یان خراپە ؟

پرسیارکەر : چاکە .

شێخ : چاکەیکردووە ، بەڵام تۆ کە قەرزەکەت بۆ گێڕایەوە کاتی دابەزینی نرخی دینار چاکەت لەگەڵکردووە یان خراپە ؟

پرسیارکەر : خراپەت کردووە .

وە هەندێکی دیکە دەڵێن دەبێت لە کاتی بەرزبوونەوە یان نزم بوونەوەی بەهای ئەو دراوەی قەرزکراوە ولە کاتی دانەوەیدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر بەهاکەیدا هاتبوو پێویستە قەرزار وقەرز لێکراو پێکبێن وسوڵح بکەن بە ئەنجامێك دەربچن کە بۆ هەردوو لایان باشبێت ، وە

کۆمەڵێك فەرموودە وڕێسا دەکەنە بەڵگە بۆ ئەم وتەیان بۆ نمونە فەرموودەی : ((لاضرر ولاضرار)) ، واتە : نابێت زیان بگەیەنیت وپاداشتی کەسێك کە زیانی پێگەیاندوویت بەوە بدەیتەوە کە زیانی پێبگەیەنیت ، ئەو کەسەی کە قەرزی کردووە ئێستا بەهای دراوە قەرزکراوەکە دابەزیوە زیان بە خاوەن قەرزەکە دەگەیەنێت ، وە ئەگەر نرخی دراوەکە بەرز بوویەوە کاتی دانەوەی قەرزەکە زیان بە قەرزارەکە دەگەیەنێت ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان سوڵح بکەن ولەسەر شێوازێك ڕێکبکەون کە بە سودی هەردوولایان بێت .

پووچەڵبوونەوەی دراو

ئەم پرسەش پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ بابەتەکەی پێشەوە هەیە ، وە دیسان لەبەر ئەوەی دراوە نەختێنەکان بەهاکانیان لە خودی خۆیاندا نییە دەشێت پووچەڵبکرێنەوە ولەکار بخرێن ، لەبەر هەرهۆکارێك بێت ، ڕوخانی سیستەمێکی سیاسی وە یان داروخانی ئابوری وڵاتێك یان هەرهۆکارێکی تر ، ئەگەر کەسێك بڕێك پارە قەرزار بوو وە ئەو دراوەی کە قەرزی کردووە پووچەڵکرایەوە دەبێت قەرزارەکە چیبکات ؟.

قال الموفق ابن قدامة رحمه الله : إِنْ كَانَ الْقَرْضُ فُلُوسًا أَوْ مُكَسَّرَةً ، فَحَرَّمَهَا السُّلْطَانُ ، وَتَرَكَتْ الْمُعَامَلَةُ بِهَا ، كَانَ لِلْمُقْرِضِ قِيمَتُهَا ، وَلَمْ يَلْزَمْهُ قَبُولُهَا ، سَوَاءٌ كَانَتْ قَائِمَةً فِي يَدِهِ أَوْ اسْتَهْلَكَهَا ؛ لِأَنَّهَا تَعَيَّبَتْ

فِي مِلْكِهِ ، نَصَّ عَلَيْهِ أَحْمَدُ فِي الدَّرَاهِمِ الْمُكَسَّرَةِ ، وَقَالَ : يُقَوِّمُهَا كَمْ تُسَاوِي يَوْمَ أَخَذَهَا ، ثُمَّ يُعْطِيه ، وَسَوَاءٌ نَقَصَتْ قِيمَتُهَا قَلِيلًا أَوْ كَثِيرًا.

قَالَ الْقَاضِي : هَذَا إِذَا اتَّفَقَ النَّاسُ عَلَى تَرْكِهَا ، فَأَمَّا إِنْ تَعَامَلُوا بِهَا مَعَ تَحْرِيمِ السُّلْطَانِ لَهَا ، لَزِمَ أَخْذُهَا ، وَقَالَ مَالِكٌ ، وَاللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ ، وَالشَّافِعِيُّ : لَيْسَ لَهُ إِلَّا مِثْلُ مَا أَقْرَضَهُ ؛ لِأَنَّ ذَلِكَ لَيْسَ بِعَيْبٍ حَدَثَ فِيهَا ، فَجَرَى مَجْرَى نَقْصِ سِعْرِهَا[1].

واتە : ئەگەر قەرز بە فلس یان دراوی شکاوبێت ، دەسەڵاتدار قەدەغەی بکات ، وە ئیدی کڕین وفرۆشتنی پێوە نەکرێت ، ئەوکات خاوەن قەرزەکە بەهاکەی دەکەوێت ، وە پێویست نییە لەسەری ئەو دراوەی کە پوچەڵکراوەتەوە وەریبگرێت ، ئەگەر ئەوەی داویەتی بەقەرز بەدەست قەرزارەکەوە مابێتەوە یان خەرجی کردبێت

(١) . (المغني)(٤/٢٤٤).

، لەبەر ئەوەی تووشی پوچەڵبوونەوە بووە لە موڵکی قەرزارەکە ، أحمد بە دەق باسی درهەمی شکاوی کردووە لەو بارەیەوە ، وە فەرموویەتی : دەینرخێنێت کە بەهاکەی چەندبووە ئەو ڕۆژەی کە قەرزی کردووە پاشان بۆ خاوەن قەرزەکەی دەگێڕێتەوە ، ئەگەرچی نرخەکەی کەمێك یان زۆریش دابەزیبێت .

القاضی دەڵێت : ئەوە ئەگەر خەڵك کۆڕابوون لەسەر کارپێنەکردنی ، بەڵام ئەگەر کڕین وفرۆشتنیان پێوەکرد لەگەڵ ئەوەی کە کاربەدەستیش قەدەغەی کردبوو ، پێویستە خاوەن قەرزەکە وەریبگرێت ، وە مالك ولیثی کوڕی سعد والشافعی دەڵێن : خاوەن قەرزەکە تەنها هاوشێوەی ئەوەی بۆ هەیە کە بەقەرز داویەتی ، چونکە ئەوە عەیبێك نییە کە لە دراوەکەدابێت ، بۆیە هاوشێوەی دابەزینی نرخەکەی حیسابی بۆ دەکرێت .

قال ابن نجيم الحنفي رحمه الله : وَفِي الْوَلْوَالِجِيَّةِ وَالْخَانِيَّةِ : لَوْ تَزَوَّجَهَا عَلَى أَلْفِ دِرْهَمٍ مِنْ نَقْدِ الْبَلَدِ فَكَسَدَتْ وَصَارَ النَّقْدُ غَيْرَهَا كَانَ عَلَى الزَّوْجِ قِيمَةُ تِلْكَ الدَّرَاهِمِ يَوْمَ كَسَدَتْ هُوَ الْمُخْتَارُ وَلَوْ كَانَ مَكَانُ النِّكَاحِ بَيْعًا فَسَدَ الْبَيْعُ ؛ لِأَنَّ الْكَسَادَ بِمَنْزِلَةِ الْهَلَاكِ وَهَلَاكُ الْبَدَلِ يُوجِبُ فَسَادَ الْبَيْعِ بِخِلَافِ النِّكَاحِ(١).

واتە : ئەگەر ئافرەتێك مارە بكات بە هەزار درهەم لە دراوی ئەو وڵاتە پووچەڵبێتەوە ودراوێكی تر بێتە كایەوە ، لەسەر مێردەكە پێویستە بەهای ئەو درهەمانە بدات ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەكەی ئەمەش هەڵبژێردراوە ، بەڵام ئەگەر لە جێگەی ژن مارەبڕینەكە كڕین وفرۆشتن هەبوو ئەو كڕین وفرۆشتنە هەڵدەوەشێتەوە ، چونكە پوچەڵبوونەوەی دراو وەك تیاچوونە ، وە تیاچوونی ئەوەی لە بری كڕین

---

(١). (البحر الرائق شرح كنز الدقائق)(٨/ ٢٢٤).

وفرۆشتنه دەبێته مایەی هەڵوەشاندنەوەی كڕین وفرۆشتنەكه ، به پێچەوانەی ماره بڕینەوە .

قال سليمان الجمل رحمه الله : وَلَوْ نَقْدًا أَبْطَلَ السُّلْطَانُ الْمُعَامَلَةَ بِهِ فَشَمَلَ مَا عَمَّتْ بِهِ الْبَلْوَى فِي زَمَانِنَا فِي الدِّيَارِ الْمِصْرِيَّةِ مِنْ إقْرَاضِ الْفُلُوسِ الْجُدُدِ ثُمَّ إبْطَالُهَا وَإِخْرَاجُ غَيْرِهَا وَإِنْ لَمْ تَكُنْ نَقْدًا فَحَيْثُ كَانَ لِذَلِكَ قِيمَةٌ أَيْ غَيْرُ تَافِهَةٍ رَدَّ مِثْلَهُ وَإِلَّا رَدَّ قِيمَتَهُ بِاعْتِبَارِ أَقْرَبِ وَقْتٍ إلَى وَقْتِ الْمُطَالَبَةِ لَهُ فِيهِ قِيمَةٌ [1].

واته : ئەگەر كاربەدەست كڕین وفرۆشتنی به دراوێك پووچەڵكردەوە ، وەك ئەوەی له وڵاتی میسر تووشی خەڵك بووە ، له قەرزدان به فلسی تازە پاشان پوچەڵكردنەوەی ودەرهێنانی دراوێكی نوێ ، ئەگەر دراویش نەبوو لەو كاتەدا بەهای هەبوو واته : بێنرخ نەبوو ئەوە هاوشێوەی

---

(١). (حاشية الجمل على فتح الوهاب بشرح منهج الطلاب)(١٩/ ٨٧).

دەگێڕێتەوە ، ئەگەرنا بەهاکەی دەگێڕێتەوە بە لەبەرچاو گرتنی نزیکترین کاتی داواکردنی قەرزەکە کە لەوکاتەدا هێشتا دراوەکە بە های هەبووە .

قال الزرقاني رحمه الله : وإن بطلت فلوس ترتبت لشخص على آخر أي قطع التعامل بها بالكلية وأولى تغيرها بزيادة أو نقص مع بقاء عينها (فالمثل) على من ترتبت في ذمته قبل قطع التعامل بها أو التغير ولو كانت حين العقد مائة بدرهم ثم صارت ألفًا به كما في المدونة[(١)] .

واتە: ئەگەر ئەو فلسەی کە قەرزی کەسێکە بەلای کەسێکی ترەوە پووچەڵکرایەوە ، واتە : بە هیچ شێوەك کڕین وفرۆشتنی پێوەنەکرا ، وە هەروەها ئەگەر گۆڕانکاری بەسەردا هات بەکەم وزیادکردنی بەهاکەی لەگەڵ مانەوەی دراوەکە ، ئەوکات دەبێت هاوشێوەی ئەو بەهایە ببژێردرێت

---

(١). (شرح الزرقاني على مختصر خليل وحاشية البناني)(٥/ ١٠٦).

کەپێش پووچەڵکردنەوەی یان گۆڕانە بەهاکەی هەیبووە ، ئەگەر پێش گرێبەستەکەش (١٠٠)فلس بەدرهەمێك بێت پاشان (١٠٠٠)فلس بوو بەدرهەمێك وەك لە (المدونە)هاتووە .

وقال الحطاب الرُّعيني رحمه الله : مَنْ أَقْرَضَ فُلُوسًا أَوْ بَاعَ بِهَا سِلْعَةً ، ثُمَّ إِنَّهُ بَطَلَ التَّعَامُلُ بِتِلْكَ الْفُلُوسِ وَصَارَ التَّعَامُلُ بِغَيْرِهَا فَإِنَّهُ يَجِبُ لَهُ الْفُلُوسُ مَا دَامَتْ مَوْجُودَةً وَلَوْ رَخُصَتْ أَوْ غَلَتْ فَإِنْ عَدِمَتْ بِالْكُلِّيَّةِ وَلَمْ تُوجَدْ فَلَهُ قِيمَةُ الْفُلُوسِ مِنْ يَوْمِ يَجْتَمِعُ اسْتِحْقَاقُهَا [(١)].

واتە : هەرکەس فلس بدات بەقەرز یان کالأیەك بە فلس بفرۆشێت ، پاشان کڕین وفرۆشتن بەو فلسە پووچەڵکرایەوە وبەدراوێکی تر کڕین وفرۆشتن کرا ، ئەوا پێویستە فلسەکە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە ئەگەر بوونی

---

(١). (مواهب الجليل)(٦/١٨٨) .

هەبوو چەند بەهاکەی دابەزیبێت یان بەرزبووبێتەوە ، بەڵام ئەگەر بوونی نەما ئەوکات پێویستە بەهای ئەو فلسەی بۆ بگێڕێتەوە لەو ڕۆژەی کە پێویستە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە .

وقال مُحَمَّد المختار الشنقيطي : فالدراهم والدنانير إذا أُلغيت وجيء بعملة غير العملة القديمة بأن كانت القديمة من الذهب فصارت من الفضة ، فإنه ينظر إلى القيمة ، عِدل الذهب من الفضة في ذلك الزمان يوم القرض ، إن قالوا : يعادل خمس جنيهات ، فحينئذٍ هذه الخمس جنيهات الموجودة الآن تقضى له خمس جنيهات ، فينظر إلى المثلي يوم القرض ؛ لأنه فيه خلاف ، فبعض العلماء يقول : يعتبر يوم القرض ، وبعضهم يعتبر بيوم القبض ، وهذا هو الصحيح [(١)] .

---

(١). (شرح زاد المستقنع)(١٧١/ ١٣) .

واتە : دینار ودرهەم ئەگەر هەڵوەشێنرانەوە ودراوێكی تر لە جێگە كۆنەكە بەكارهات ، بۆ نمونە ئەگەر كۆنەكە لە زێڕبێت ئێستا ببێتە زیو ، ئەو كات سەیری بەهاكەی دەكرێت ، چەند درهەم ئەندازەی ئەو زێڕە بوو لەو سەردەمەی كە قەرزی كردووە ئەوەندە دەبژێردرێت ، ئەگەر وتیان : بەهاكەی ئێستا دەكاتە (٥)جنیە ، ئەگەر ئەو جنیە ئێستا هەبوو ئەوا (٥) جنیەكە بۆ خاوەنەكەی دەگێڕێتەوە ، سەیری هاوشێوەكەی دەكرێت ڕۆژی قەرزەكە ، چونكە ناكۆكی هەیە لەو باسەدا ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ڕۆژی قەرزەكە هەژمار دەكرێت وە هەندێكی تر دەڵێن ڕۆژی بژاردنەكە ئەمەش دروستە .

وە شێخ ئیبن عثیمین رحمه الله دەڵێت : لو ألغي النقد بالمرة فإنه يرجع إلى بدله ، يعني لو ألغي النقد الذي استلفه ووضع بدله نقد آخر ، فإنه يرد بدله من هذا النقد الجديد [١].

واتە : ئەگەر دراو بە یەکجاری هەڵوەشێنرایەوە ئەوکات ئەوەی لە بری دروستدەکرێت قەرزی پێ دەبژێردرێت ، واتە ئەگەر ئەو دراوە پووچەڵکرایەوە کە قەرزی کردووە وە لە بری ئەوە دراوێکی تر دانرا ، ئەوا ئەو بڕەی لە بری دراوە کۆنەکە دیاریکراوە دەبژێردرێت .

دەبینین زانایان ناکۆکن وەك ناکۆکیان لە بژاردنی قەرز ئایا بەهاکەی دەبژێردرێت یان بڕەکەی ، بۆ نمونە : ئەگەر کەسێك پێش (٢٠)ساڵ (١٠٠) هەزار دیناری عێراقی قەرزکردبێت وە ئێستا ئەو دراوە پووچەڵکراوەتەوە لە

---

(١). (فتاوى نور على الدرب) (١٦/ ٢).

کارخراوە ، ئایا پێویستە لەسەری بڕی ئەو پارەیە کە (١٠٠) هەزار دینارەکەیە ببژێرێت یان بەهاکەی لەو کاتەدا چەندبووە ، بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە ئەگەر ئەو بڕە پارەیە لەو کاتەدا (٥) مسقاڵ زێڕی کردبێت ، ئێستا ئەو بڕە (١) مسقاڵ بکات ، ئایا پارەی (٥) مسقاڵەکە دەبژێرێت یان (١)مسقاڵەکە ، وە لە باسەکەی سەرەوە باسمانکرد سێ بۆچوونی سەرەکی هەیە لەو بارەیەوە ، کە هەمان ئەو سێ بۆچوونەش بۆ ئەم باسەش ڕاستە .

بژاردنی دزرا ووداگیرکراو

ئەگەر کەسێك پارەی کەسێکی تر بدزێت یان داگیری بکات ، پاشان ئەو کەسە تەوبە بکات وپەشیمان بێتەوە لەو کردەوەی ، یان دەستگیربکرێت ودان بەتاوانەکەیدا بنێت ، یان بە گەواهیدان لەسەری ساغ ببێتەوە ، ئایا تەنها ئەو بڕە پارەیە دەگێڕێتەوە کە دزیویەتی یان داگیری کردووە یان پێویستە لەسەری بە هاکەی بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : ((مَنْ كَانَتْ عِنْدَهُ مَظْلَمَةٌ لأَخِيهِ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهَا فَإِنَّهُ لَيْسَ ثَمَّ دِينَارٌ وَلاَ دِرْهَمٌ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُؤْخَذَ لأَخِيهِ مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَتْ مِنْ سَيِّئَاتِ أَخِيهِ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ))[١].

---

(١) . رواه البخاري .

واتە : هەركەس ستەمێكی لە براكەی كردووە با گەردنی خۆی پێی ئازاد بكات وخۆی لەو ستەمە ڕزگار بكات ، چونكە لە قیامەتدا دینار ودرهەم نییە ، پێش ئەوەی لە چاكەكانی ببرێت بۆ براكەی ، ئەگەر چاكەیشی نەبوو ئەوا لە خراپەی براكەی دەخرێتە سەری .

وعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنهما أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ : ((اتَّقُوا الظُّلْمَ فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) (١).

واتە : خۆتان لە ستەمكردن بپارێزن چونكە ستەمكردن هۆكاری تاریكییەكانی ڕۆژی قیامەتە .

زانایان دەربارەی ئەو پرسە ناكۆكن هاوشێوەی ناكۆكیان لە " دابەزینی نرخی دراو نەختێنەكان لە كاتی دانەوەی قەرز" بە شێوەیەك دەتوانرێت ئەم پرسە وە لقێكی ئەو

---

(١) . رواه مسلم

بابەتە وێنا بکرێت ، جمهوری زانایان ڕایان وایە کە پارە دزراو وداگیرکراوەکان دەگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکانیان بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕانی بەها ونرخەکەی ، بەڵام ئەبو ثور وڕیوایەتێك لە پێشەوا ئەحمدەوە : بۆچوونیان وایە لە کاتی دابەزینی بەهای دراوەکان پێویستە دزەکە یان داگیرکارەکە بەهای ئەو دابەزینە قەرەبوو بکاتەوە ، وە شیخ الإسلام ئیبن تیمیەش ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە .

شیخ ئیبن عثیمین رحمه الله دەڵێت : الصواب أن ما نقص بالسعر فهو مضمون وذلك لأن هذه السلعة التي في المثال الذي ذكرناه السيارة كانت تساوي خمسين ألفاً والآن لا تساوي إلا أربعين فهو قد حال بين صاحبها وبين هذه الزيادة فيلزمه النقص ، ولو لم نقل بهذا لكان كل إنسان يريد أن ينقصاً أحداً يغصبه شيئاً ويدعه حتى إذا نقصت القيمة قال خذ مالك فيحصل بهذا فوضى وضرر على الناس ، فالصواب أن ما نقص بالسعر فهو مضمون كالذي

ينقص بالعين أو الوصف وهذا اختيار شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله وهو الصواب[١].

واتە : پەسەند ئەوەیە کە نرخەکەی دادەبەزێت دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەو کاڵایەی کە لە نمونەکەدا باسکراوە ئۆتۆمبیلێك کە بەهاکەی پەنجا هەزار بووە بەڵام ئێستا نرخەکەی دابەزیوە بۆ چل هەزار ئەو کەسەش . کە دزیویەتی یان داگیری کردووە . بووەتە ڕێگر لەوەی کە خاوەنەکەی بە نرخە زۆرەکە بیفرۆشێت ، بۆیە دەبێت ئەوەی کە کەمیکردووە دەبێت قەرەبووی بکاتەوە ، ئەگەر وانەڵێین ئیدی هەرکەس بیەوێت زیانێك بە کەسێکی تر بگەیەنێت سامانی کەسێکی تر داگیر دەکات تا ئەو کاتەی نرخەکەی دادەبەزێت پاشان بۆی دەگەڕێنێتەوە بەو

---

(١) . (تعليقات على الكافي لابن قدامة)(٥/ ٣٤٣).

هۆیەشەوە بشێوی دروست دەبێت وخەڵك زیانیان پێدەگات ، ئەو بۆچوونە پەسەندە کە دەڵێت ئەو بەهایەی کە دادەبەزێت دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە وەك چۆن شتێك کە خودی یان سیفەتێکی کەمبکات ولە دەست بچێت ، ئەمەش هەڵبژێردراوی شێخ ئیسلام ئیبن تیمیەیە رحمە اللّٰه کە ئەوەش بۆچوونی ڕاستە .

دانەوەی قەرز لەگەڵ کەمێك زیاتر

قەرزدان بە موسڵمانان ودەستگرۆهی کردنیان لە کردەوە گەورە ویستراوەکانە لە ئیسلامدا بە تاییەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە موسڵمانێکی زۆر موحتاجە وئەوانەشی قەرزدەدەن کەمن ، سلیمانی کوڕی بریدە دەڵێت باوکم وتی گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو صلی اللّٰه علیه وسلم دەیفەرموو : ((مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا ، فَلَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ مِثْلُهُ صَدَقَةٌ ، قَالَ : ثُمَّ سَمِعْتُهُ يَقُولُ : مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا ، فَلَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ مِثْلَيْهِ صَدَقَةٌ ، قُلْتُ : سَمِعْتُكَ يَا رَسُولَ اللهِ تَقُولُ : مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا ، فَلَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ مِثْلُهُ صَدَقَةٌ ، ثُمَّ سَمِعْتُكَ تَقُولُ : مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا ، فَلَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ مِثْلَيْهِ

صَدَقَةٌ ، قَالَ : لَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ صَدَقَةٌ قَبْلَ أَنْ يَحِلَّ الدَّيْنُ ، فَإِذَا حَلَّ الدَّيْنُ فَأَنْظَرَهُ ، فَلَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ مِثْلَيْهِ صَدَقَةٌ))[١] .

واتە : هەرکەس مۆڵەتی کەسێکی نەدار بدات کە قەرزی لایەتی ، ئەوا هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی ئەو پارەی کە لایەتی خێر وچاکەی بۆ دەنوسرێت ، دەڵێت : پاشان گوێم لێبوو دەیفەرموو : هەرکەس مۆڵەتی کەسێکی نەدار بدات کە قەرزی لایەتی ئەوا هەموو ڕۆژێك دوو هێندەی ئەو بڕە پارەیەی کە لایەتی خێر وچاکەی بۆ دەنوسرێت ، دەڵێت ، وتم : ئەی پێغەمبەری خودا گوێم لێبوو فەرمووت هەرکەس مۆڵەتی کەسێکی نەدار بدات کە قەرزی لایەتی ، ئەوا هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی ئەو پارەی کە لایەتی خێر وچاکەی بۆ

(١) . رواه أحمد وصححه الألباني في "الصحيحة"(٨٦).

دەنوسرێت ، وە پاشان گوێم لێبوو فەرمووت : هەرکەس مۆڵەتی کەسێکی نەدار بدات کە قەرزی لایەتی ئەوا هەموو ڕۆژێك دوو هێندەی ئەو بڕە پارەیەی کە لایەتی خێر وچاکەی بۆ دەنوسرێت ، فەرمووی : هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی ئەو پارەیەی کە لایەتی خێری بۆ دەنوسرێت ئەگەر کاتی دانەوەی قەرزەکەی نەهاتبێت ، بەڵام ئەگەر کاتی دانەوەی هاتوو ومۆڵەتی دا ئەوکات هەر ڕۆژێك دوو هێندەی ئەو پارەیەی کە لایەتی خێر وچاکەی بۆ دەنوسرێت .

وە دەفەرموێت : ((مَنْ أَنَظَرَ مُعْسِرًا أَوْ وَضَعَ عَنْهُ أَظَلَّهُ اللهُ تَحْتَ عَرْشِهِ يَوْمَ لَا ظَلَّ إِلَّا ظِلَّهُ))[1] .

---

(١) . رواه الترمذي وصححه الألباني .

واتە : هەرکەس مۆڵەتی ئەو کەسە بدات کە قەرزی لایەتی یان لێی وەرنەگرێتەوە وبیبەخشێت ئەوا خودای پەروەردگار دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نییە ئەو سێبەرە نەبێت .

وە دەفەرموێت : ((مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُقْرِضُ مُسْلِماً قَرْضاً مَرَّتَيْنِ إِلاَّ كانَ كَصَدَقَتِهَا مَرَّةً))(١) .

واتە : هەر موسڵمانێك دوو جار قەرز بدات بە موسڵمانێکی تر وەك ئەوەیە یەك جار بە خێر ئەو پارەی پێدابێت .

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : ((دخلَ رجلٌ الجنَّة ، فرأى على بابها مكتوباً : الصّدقةُ بعَشرِ أَمثالها ، والقرضُ بثمانية عشر))(٢) .

---

(١) . رواه ابن ماجة وصححه الألباني .

(٢) . رواه الطبراني والبيهقي وحسنه الألباني .

واتە : پیاوێك چووە نێو بەهەشتەوە بینی لەسەر دەرگاكەی نوسراوە : خێر وچاكە پاداشتەكەی دەیەكە ، بەڵام قەرز یەك بە هەژدەیە .

بەڵام ئەو كەسەی كە قەرز دەكات دەتوانێت لە كاتی گەڕانەوەی قەرزكەی بڕێك زیاتر لەوەی كە قەرزی كردووە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەن قەرزەكە ، زانایانی لیژنەی هەمیشەیی فەتوا دەڵێن : (ليس للمقرض أن يأخذ من المقترض إلا ما أقرضه إياه ، إلا أن تطيب نفس المقترض بشيء من الزيادة في الكيفية أو الكمية ، فلا بأس إذا لم يسبقه شرط أو تواطؤ على ذلك ، وهكذا إن جرى بذلك عرف ؛ لأن الشرط العرفي كاللفظي)[١] .

واتە : ئەو كەسەی كە قەرز دەدات بە خەڵك بۆی نییە زیاتر لەو بڕە داوا بكات لە قەرزارەكە كە بە قەرز پێیداوە ،

---

(١) . [فتاوى اللجنة الدائمة (١٤ / ١٣٤)] .

مەگەر قەرزارەکە بە ڕەزامەندی خۆی شتێك زیاتر لە چۆنێتی یان چەندێتی بدات بە خاوەن قەرزەکەی ، ئەو کات ئاساییە ئەگەر لە پێشدا ئەوە بە مەرج نەگیرابێت یان ڕێکنەکەوتبن لەسەری ، یان دابونەریت وابێت کە لەگەڵ گەڕانەوەی قەرز زیاتر بدرێت بە قەرزارەکە ، چونکە ئەوەی لە عورفدا مەرجە وەك ئەو مەرجەیە کە بە قسە وترابێت ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ : " أَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ فَقَالَ : ((صَلِّ رَكْعَتَيْنِ ، وَكَانَ لِي عَلَيْهِ دَيْنٌ فَقَضَانِي وَزَادَنِي))[١] .

واتە : جابری کوڕی عبدالله رضی الله عنهما دەڵێت : چووم بۆ لای پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم لە مزگەوت بوو فەرمووی : دوو ڕکات نوێژ بکە ، وە من قەرزم

---

(١) . رواه البخاري ومسلم .

لای پێغەمبەری خودا بوو صلی اللّٰه علیه وسلم قەرزەكەی دامەوە وزیاتریشی پێدام .

وعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : كَانَ لِرَجُلٍ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سِنٌّ مِنْ الْإِبِلِ فَجَاءَهُ يَتَقَاضَاهُ فَقَالَ : ((أَعْطُوهُ ، فَطَلَبُوا سِنَّهُ فَلَمْ يَجِدُوا لَهُ إِلَّا سِنًّا فَوْقَهَا فَقَالَ : أَعْطُوهُ ، فَقَالَ : أَوْفَيْتَنِي أَوْفَى اللَّهُ بِكَ ، قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : إِنَّ خِيَارَكُمْ أَحْسَنُكُمْ قَضَاءً))[١] .

واتە : پیاوێك حوشترێكی كە تەمەنێكی دیاری كراوی هەبوو بە قەرز لای پێغەمبەری خودا بوو صلی اللّٰه علیه وسلم هات وداوای حوشترەكەی كردەوە ، فەرمووی : بیدەنەوە ، گەڕان بۆ حوشترێك كە تەمەنی وەك تەمەنی ئەو حوشترەبێت كە لای پێغەمبەری خودا بوو صلی اللّٰه علیه

(١) . رواه البخاري ومسلم .

وسلم بە قەرز دەستیان نەکەوت حوشترێك نەبێت کە تەمەنەکەی لەو حوشترە گەورەتر بوو ، فەرمووی : بیدەنیٚ ، پیاوەکە وتی : بە باشترین شێوە قەرزەکەت بۆ گەڕاندمەوە ، خودای پەروەردگار ئەوەی باشە بۆتی بکات ، پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم فەرمووی : باشترین ئێوە ئەوانەتانن کە بە باشترین شێوە قەرزی خاوەن قەرزەکان دەگێڕنەوە .

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : ((مَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُونَهُ فَادْعُوا لَهُ حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كَافَأْتُمُوهُ)) [1].

---

(١) . رواه أحمد والبخاري في (الأدب المفرد) وصححه الألباني في (الإرواء) (١٦١٧) .

واتە : هەر کەس چاکەیەکی لەگەڵ کردن پاداشتی بدەنەوە ، ئەگەر هیچتان نەبوو بیکەنە پاداشت بۆی ئەوا دوعای بۆ بکەن هەتا وا دەبینن کە پاداشتان داوەتەوە .

وە گومانی تێدا نییە کە قەرزدان یەکێکە لە خێر وچاکە گەورەکان کە شایانە خاوەنەکەی لەسەری پاداشت بدرێتەوە ، ئەوەش بە پێدانی دیارییە جا ئەو دیارییە پارەبێت یان هەر شتێکی تر .

جمهوری زانایان ڕایان وایە کە ئەگەر قەرزار زیاتر لەو بڕەی کە قەرزی کردووە بگێڕێتەوە بۆ خاوەن قەرزەکە بەڵام بەو مەرجەی پێشوەخت بە مەرج نەگیرابێت ئەوە دروستە ، بەڵام ئەگەر ئەو زیادە بە مەرجی پێشوەختە بووە ئەوە ڕیبایە وپێویستە موسڵمان خۆیانی لێ بەدوور بگرن چونکە یەکێکە لە تاوانە لە ناوبەرە گەورەکان .

حەواڵەکردنی دراو

حەواڵە لە زماندا : بە مانای گواستنەوە وگۆڕان لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر دێت ، بەڵام لە زاراوەدا : گواستنەوەی قەرزە لە ئەستۆی کەسێکەوە بۆ ئەستۆی کەسێکی تر ، بەڵام ئەوەی ڕاستیبێت ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن حەواڵەکردنی دراو کەمێك جیاوازی هەیە لەوەی کە لە زاراوەی شەرعدا بوونی هەیە ، وە لە سەفتەجەوە نزیکترە وەك لە حەواڵە ، (السفتجة) : وشەیەکی فارسییە کراوەتە عەرەبی بریتییە لەوەی کەسێك لە شارێك پارە بدات بە کەسێکی تر ، ئەو کەسەی پارەکەی داوە لە شارێکی تر لەو کەسە یان لە بریکارەکەی وەریبگرێتەوە بەوەش لە ترسی چەتە ودز وڕێگر ونبوون وهەڵگرتنی پارێزراو دەبێت.

زانایان ناكۆكن لەو بارەیەوە جمهوری زانایان بە دروستی دەزانن كە ئەوەش ڕەئی شێخ الإسلام ئیبن تیمیەیە رحمه الله .

ئەو گواستنەوەی پارەی ئێستا دراو گۆڕەكان ئەنجامیدەدەن وە پێیدەڵێن حەواڵەكردنی دراو ئایا دروستە بە ڕەهایی ؟.

پرسیاركرا لە شێخ ئیبن عثیمین رحمه الله دەربارەی حەواڵە : ئەگەر پیاوێك برێك پارە بدات بۆ ئەوەی كەسێكی تر لە وڵاتێكی تر وەریبگرێت بە دراوی ئەو وڵاتە ، كێشەكەی ئەوەیە نرخی ئەو دراوانە جیاوازە لە ریال ، ئایا ئەمە دەچێتە بابەتی ڕیبای زیادە خستنەسەر ، یان ئەوە ئاساییە ؟.

لەوەڵامدا وتی : (هذا يدخل في ربا النسيئة ؛ لأنه مع اختلاف العملة لا يوجد ربا فضل ؛ لكن يدخل فيه ربا النسيئة ، ولهذا فإن الحوالة الصحيحة على أحد وجهين :

إما أن يحولها بالدراهم إلى المكان الآخر ، ثم هناك تجري المصارفة بالسعر الحاضر .

أو يشتري العملة التي في البلد الثاني يشتريها في البلد الأول ، ويحوِّلها إلى البلد الثاني بعملة البلد الثاني .

أما ما ذكرتَ فهذه مصارفة بدون قبض ، والمصارفة بدون قبض لا تجوز[1] .

واتە : ئەمە ڕیبای دواخستنی تێدایە ، چونکە لە کاتی جیاوازی دراوەکاندا ڕیبای زیادە خستنەسەر تێدا نییە ،

---

(١) . [لقاءات الباب المفتوح (٤٤)] .

بەڵام ڕیبای دواخستنی تێدایە ، لەبەر ئەوە حەواڵەکردنی دروستە بە دوو شێواز :

پارەکەی بە درهەم حەواڵە بکات لەو شوێنە بە درهەم وەریبگرێت وبیگۆڕێتەوە بەو دراوەی کە دەیەوێت بە نرخی ڕۆژ .

یان ئەوەی دراوی ئەو وڵاتە بکڕێت کە دەیەوێت پارەکەی بۆ حەواڵە بکات ، پاشان دراوی ئەو وڵاتەی دەیەوێت ئەو پارەی بۆ حەواڵە دەکات .

بەڵام ئەوەی کە باستکرد صرفکردنی دراوە بەبێ وەرگرتنی لە هەمان کۆبوونەوەدا ، وە صرفکردنی دراو بەبێ وەرگرتنی لە هەمان کۆبوونەوەدا دروست نییە .

پرسیار کرا لە زانایانی "لیژنەی هەمیشەیی فەتوا" دەربارەی حەواڵەکردنی دراوە نەختێنەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر؟.

لەوەڵامدا وتیان : (يجوز تحويل الورق النقدي لدولة إلى ورق نقدي لدولة أخرى ، ولو تفاوت العوضان في القدر ؛ لاختلاف الجنس ، .... لكن بشرط التقابض في المجلس ، وقبض الشيك أو ورقة الحوالة حكمه حكم القبض في المجلس)[١].

واتە : دروستە حەواڵەکردنی دراوە نەختێنەکان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر ئەگەر بڕەکانیشیان جیاوازبێت ، لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکانیان جیاوازە ، بەڵام بە مەرجی وەرگرتن لە هەمان کۆبوونەوەدا ، وە وەرگرتنی چەکی پارە وکاغەزی حەواڵە حوکمی وەرگرتنی هەیە لە هەمانکاتدا .

وە پرسیارێکی هاوشێوەی ئەو پرسیارە لە شێخ صالح الفوزان کرا لە وەڵامدا وتی : (لا يجوز أن تدفع العملة لأحد

(١) . [فتاوى اللجنة الدائمة" (١٣/٤٤٨)] .

التجار في بلد الرياض مثلاً ثم تستلم أو يستلم وكيلك عملة أخرى بدلها في بلد آخر ؛ لأن هذا صرف ، والصرف يشترط فيه التقابض في المجلس ، ولكن خذ العملة البديلة في مجلس العقد ، ثم حوِّلها إلى البلد الذي تريد)(١).

واتە : دروست نییە دراو بدەیتە هەندێك بازرگان لە شاری ریاز بۆ نمونە پاشان خۆت یان بریکارەکەت دراوێکی تر وەربگرێت لە وڵاتێکی تر ، چونکە ئەوە صەرفکردنە ، وە صەرفکردن مەرجە لە هەمان کۆبوونەوە گۆڕینەوەکە ڕوو‌بدات ، بەڵام ئەو دراوەی کە دەتەوێت حەواڵەی بکەی وەریبگرە لەو کۆبوونەوەیە ، پاشان حەواڵەی بکە بۆ هەر وڵاتێك کە دەتەوێت .

---

(١) . (المنتقى من فتاوى الفوزان) .

وە پرسیارکرا لە شێخ عبيد الجابری : دەربارەی مامەڵە بانکییەکان وەك : حەواڵەکردنی دراو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ، حەواڵەکردنی ریالی سعودی وەرگرتنی دۆلاری ئەمریکی بۆ نمونە ، حوکمی چییە ؟ ئەوە لە کاتێکدا ڕێگە چارەی ترمان نییە ئەو شێوازە حەواڵەکردنە نەبێت .

لەوەڵامدا وتی : (التحويل أمرٌ اضطراري ، لأن السياسة الدولية تمنع هذا ، وإنّما الذي يجب – يعني التَحَرُّز فيه – هو شراء العُمَل ، فإذا اشترى دولارات أمريكية بريالات سعودية أو دراهم إماراتية أو غيرها فيجب عليه القَبْض ، أمَّا التحويل فهو ضرورة)[1] .

واتە : حەواڵەکردنی پارە بووەتە زەرورەت وناچاری ، چونکە سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕێگری ئەوە دەکات ، بەڵام ئەوەی پێویستە ـ خۆمانی لێ بپارێزین ـ کڕینی دراوەکانە

(١) . (موقع ميراث الأنبياء) .

، ئەگەر دۆلاری ئەمریكی كڕیی بە ریالی سعودی یان درهەمی ئیماراتی یان هەر دراوێكی تر ئەوە پێویستە لەسەری یەكسەر وەریبگرێت ، بەڵام حەواڵەكردن زەرورەتە.

مەبەستی شێخ عبید ئەوەیە حەواڵەكردنی دراو بووەتە پێویستی لەم ڕۆژگارەدا بەڵام پێویستە وریای ئەوەبین كە نابێت كرداری گۆڕینەوەی دراو ڕووبدات بەبێ ئەوەی لە هەمان كۆبوونەوەدا وەربگیرێت ، ئەگەر كەسێك بیەوێت دۆلاری ئەمریكی بۆ وڵاتێك حەواڵە بكات پێویستە ئەو دراوەی هەیەتی بیگۆڕێتەوە بە دۆلاری ئەمریكی پاشان ئەو دۆلارە لە ڕێگەی بانك یان هەر دەستگا وناوەندێكەوە حەواڵەی بكات .

وە پرسیاركرا لە پێشەوا الألبانی رحمه الله كەسێك پارە حەواڵە دەكات بانك یان نوسینگەكە هەندێك لەو پارەیە كەمتر دەدات بەو كەسەی وەریدەگرێت ، ئایا ئەوە دروستە؟

لەوەڵامدا وتی : بەڵێ دروستە ، ئەوە كرێیە .

فرۆشتنی چەکی پارە بە کەمتر

لە بازاڕەکاندا شتێك بووەتە دیاردە ئەویش فرۆشتنی چەکی پارەیە بە کەمتر لەو بڕەی لەسەری دیاریکراوە ، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێکە لە گرنگترینیان نەبوونی رصیدی خاوەن چەکەکەیە لە بانکدا ، ئایا ئەو کڕین وفرۆشتنە دروستە ؟.

گومانی تێدا نییە کە ئەگەر چەکی پارە کە لە لایەنێکی باوەڕپێکراوە دەرچووبێت حوکمی دراوە نەختێنەکانی هەیە وهەموو ئەو حوکمانەی بۆ دراو وزێڕ وزیو هەیە دەیگرێتەوە .

بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت چەکی پارە لە زانستی ئابووریدا ئێستا بەشێوەکی گشتی دووجۆرە :

یەکەم : پێیدەگوترێت چەکی پشتڕاسکراوە (الشیك المصدق) بەو جۆە چەکانە دەگوترێت کە بانك یان دامەزراوەیەکی دارایی دەریدەکات وە نایدات بە هاوبەشەکانی هەتا بڕی ئەو پارەیەی لەسەر چەکەکان نوسراوە بارمتە نەبێت لای بانکەکە یان دامەزراوە داراییەکە ، ئەمجۆرە نابێت لە بنەڕەتدا چەکێکی بیٚ ڕەصیدبێت ، ئەم جۆرە چەکانە هەموو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی پێوە دەکرێت وەك دراوە نەختێنەکان وە هەموو حوکمەکانی دراوە نەختێنەکان وزێڕ وزیوی بەسەردا دەدرێت ، بەڵام ئەگەر بانکەکە یان دامەزراوە داراییەکە ئیفلاسی کردبوو یان پارەی لەبەر دەست نەبوو ئەو کات هەموو جۆرە مامەڵەیەکی حەرام دەبێت چونکە ئەگەر صەرفکرا یان ورد بکرێتەوە دەبێتە ڕیبای دواخستن لەبەر ئەوەی دەست بەدەست ڕوونادات.

دووەم : ئەو چەكی پارەیەی كە خاوەنكار یان بازرگان دەیدات بە شایستەكانی ، ئەمەش هەموو حوكمی دراوە نەختێنەكانی هەیە بە مەرجی هەبوونی ڕەصیدی ئەو كەسەی دەیدات بە شایستەكانی .

كەواتە ئەگەر چەكی پارە صەرفكرا پێویستە بەو بەهایە صەرف بكرێت كە لەسەریەتی ئەوە لە كاتێكدا ئەگەر بە هەمان ئەو دراوە صەرفكرا كە لەسەر چەكەكە نوسراوە وە دەبێت لە هەمان كۆبوونەوەدا دەست بە دەست بڕی پارەكە وەربیگرێت بەبێ دواكەوتن ، بۆ نمونە ئەگەر كەسێك چەكێكی پارەی پێدرا بە های یەك ملیۆن دیناری عێراقی لەسەر بوو پێویستە لە كاتی گۆڕینەوەدا یەك میلۆن دیناری عێراقی لەبری ئەو چەكە وەربگرێت بەبێ كەم وزیاد ودواخستن .

بەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێت هەمان ئەو چەکی پارەیە کە یەك ملیون دیناری عێراقی لەسەرە بیگۆڕێتەوە بە دۆلاری ئەمریکی بۆ نمونە ئەوکات تەنها دەبێت ڕەچاوی یەك مەرج بکات ئەویش یەکسەر وەرگرتنی ئەو بڕەیە کە لەسەری ڕێك دەکەون بەبێ دواخستن وە بەکەم وزیاد فرۆشتنی بە مەرج نەگیراوە هەموو ئەوەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێت : ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلا بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ))[١].

واتە : زێڕ بە زێڕ ، وزیو بە زیو ، وگەنم بە گەنم ، وجۆ بە جۆ ، وخورما بە خورما ، وخوێ بە خوێ بفرۆشن ئەگەر

---

(١). رواه مسلم .

کێشیان وەك یەك بوو دەست بە دەست ، بەڵام ئەگەر ڕەگەزەکان جیاوازبوون بیفرۆشن چۆن ویستان ، ئەگەر دەست بە دەست بوو .

پێویستە ئەو کەسەی کڕین وفرۆشتن بەو جۆرە چەکانەوە دەکات وریای ڕیبای دواخستن بێت ، وە نابێت بە کەمتر لەو نرخەی لەسەر نوسراوە بیکڕێت یان بیفرۆشێت بە ڕەگەزی خۆی وە دەست بە دەستبێت ، بەڵام ئەگەر ڕەگەزەکانی جیاوازبوو ئاساییە چۆن ڕێککەوتن بیفرۆشێت بەمەرجێك دەست بە دەستبێت ووەرگرتنی بەهاکەی دوانەکەوێت ، وە هەروەها دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە ئەو بانکە یان دامەزراوە داراییە یان خاوەنکار وبازرگانە خاوەن رصیدیی پێویستن ، بۆ ئەوەی کاتێك ئەو کەسەی چەکەکە وەردەگرێت بتوانێت ئەو بەهایەی لەسەری نوسراوە وەریبگرێت .

دانەوەی قەرز بەکەمتر پێش هاتنی کاتی

گرێبەستێك هەیە لە فقهدا زانایان پێیدەڵێن : (ضع وتعجل) ، واتە : قەرزارەکە بە خاوەن قەرزەکەی بڵێت : قەرزەکەم لەسەر سووك بکە ولە هەندێکی خۆشبە منیش پێش کاتی هاتنی دانەوەی قەرزەکە دەتدەمەوە ، ئەم گرێبەستە زانایان ناکوکن لەسەری بە شێوەیەکی گشتی دوو بۆچوونیان هەیە لەسەری :

یەکەمیان : دەڵێن ئەو جۆرە گرێبەستە حەرامە وهاوشێوەی ڕیبای دواخستنە ، ئەوەش بۆچوونی جمهوری زانایانە .

دووەمیان : دەڵێن دروستە ئەوەش بۆ چوونی پێشەوا ئیبن عباس وڕیوایەتێکە لە پێشەوا شافعی وپێشەوا

ئەحمەدەوە ، وە ڕەئی شێخ ئیسلام ئیبن تیمیە وئیبن القیم وئیبن باز ولیژنەی هەمیشەی فەتوایە .

وە بەڵگەشیان لەسەر ئەو بۆ چوونەیان بریتیە لە :

یەکەم : عن ابن عباس أن النبي ﷺ : ((لما أمر بإخراج بني النضير جاءه ناس منهم فقالوا : يا نبي الله ، إنك أمرت بإخراجنا ولنا على الناس ديون لم تَحِلَّ ، فقال رسول الله ﷺ : ضعوا وتعجلوا))[(١)].

واتە : کاتێك پێغەمبەری خودا صلی اللە علیە وسلم فەرمانی کرد بە دەرکردنی جوولەکەکانی (بنو النضير) ، هەندێکیان هاتن وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ، تۆ فەرمانت کردووە بە دەرکردنمان وئێمە قەرزمان لای خەڵکە بەڵام کاتی دانەوەی نەهاتووە ، پێغەمبەری خودا فەرمووی : لە

---

(١) . رواه الحاكم والطبراني وحسنة العلامة ابن القيم رحمه الله .

هەندێك لە قەرزەكەتان دەست هەڵبگرن وپێش كاتی دانەوەی قەرزەكە لە خەڵكی وەربگرنەوە .

دووەم : عن عبد الله بن عباس رضي الله عنهما : (إِنَّمَا الرِّبَا أَخِّرْ لِي ، وَأَنَا أَزِيدُكَ ، وَلَيْسَ عَجِّلْ لِي وَأَضَعُ عَنْكَ)[١] .

واتە : ڕیبا بریتییە لەوەی كە بڵێت : كاتی دانەوەی قەرزەكەم بۆ دوابخە منیش زیاتر دەدەمێ ، وە ڕیبا لەوەدا نییە بڵێت : قەرزەكەم زووتر بدەرەوە منیش هەندێكیت لەسەر لادەدەم .

وە پێشەوا ابن القيم رحمه الله دەڵێت : قالوا : وهذا ضد الربا فإن ذلك يتضمن الزيادة في الأجل والدين ، وذلك إضرار محض بالغريم ، ومسألتنا تتضمن براءة ذمة الغريم من الدين وانتفاع صاحبه بما يتعجله ، فكلاهما حصل له الانتفاع من غير ضرر ، بخلاف الربا

---

(١) . رواه عبدالرزاق في المصنف .

المجمع عليه ، فإن ضرره لاحق بالمدين ، ونفعه مختص برب الدين ، فهذا ضد الربا صورة ومعنى [١] .

واته دەڵێن : ئەمە پێچەوانەی ڕیبایە چونکە ڕیبا دواخستنی قەرزەکە وزیادکردنی قەرزەکەیە ، ئەوەش زیانگەیاندنێکی تەواوە بە قەرزارەکە ، وە ئەم پرسەی ئێمە ئەستۆ پاکی قەرزارەکەیە لە قەرز وسودی خاوەن قەرزەکەیە بەوەی زووتر پارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە ، هەردوولا سودمەندبوون بەبێ زیان ، بە پێچەوانەی ڕیبا کە زانایان کۆڕان لەسەر حەرامی ، زیان بە قەرزارەکە دەگات وسودەکەی تەنها بۆ خاوەن قەرزەکەیە ، ئەمە پێچەوانەی ڕیبایە لە شێواز ولە ماناشدا .

---

(١) . (إغاثة اللهفان في مصائد الشيطان)(٢/ ١٣).

وە پرسیار کرا لە لیژنەی هەمیشەی فەتوا دەربارەی ئەم پرسە ، لە وەڵامدا وتیان : هذه المسألة فيها خلاف بين أهل العلم ، والصحيح من قوليهم جواز الوضع والتعجيل وهو رواية عن الإمام أحمد واختيار الشيخين ابن تيمية وابن القيم ومنسوب إلى ابن عباس رضي الله عنهما [١].

واتە : ئەم پرسە زانایان ناکۆکن لەسەری ، وە ئەوەی دروستە لەو دوو بۆ چوونەی هەیانە ئەوەیە کە دروستە ، کە ئەوە ڕیوایەتێکە لە پێشەوا ئەحمەدەوە وهەڵبژاردەی هەردوو پێشەوا ئیبن تیمیە وئیبن القیم وە لە پێشەوا ئیبن عباسیشەوە رضی اللە عنە گێڕراوەتەوە .

(١) . (فتاوى اللجنة)(١٣/١٦٨) .

ناوەڕۆك